تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

کریس هارمن

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردي ، عربي ، فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

سەرهەڵدانەوەی پرسی نەتەوەیی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

عوسمان حەسەن شاکر

کریس هارمن

سەرهەڵدانەوەی
پرسی نەتەوەیی

وەرگێڕانی لە فارسی‌یەوە

عوسمان حەسەن شاکر

ناوی کتێب: سەرهەڵدانەوەی پرسی نەتەوەیی
نووسەر: کریس هارمن
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عوسمان حەسەن شاکر
بابەت: لیکۆڵینەوە.
لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست
تیراژ: ٥٠٠دانە
پیت چنین: نیاز صالح ئەحمەد -کۆمپیوتەری کوردستان
چاپ : چاپخانەی سەفوت
چاپی یەکەم: سلێمانی-١٩٩٩
ژمارەی سپاردن: (٣٢٥)ی ساڵی ١٩٩٩

پێشەکی

دەتوانین بڵێین ئەو قسەیەی کە هەمووان دەیڵێن، وە بەردەوام چەند بارەی دەکەنەوە ((ناسیونالیستەکان جوداخوازی دنیای ئەمڕۆن))، لە ئێستادا تا ڕادەیەکی زۆر بۆتە تێزێکی بنچینەیی. قسەکردن دەربارەی ((سیستەمی نوێی جیهانی))و ((کۆتایی مێژوو)) ڕەنگە درێژە نەکێشێ، بەڵام ئەوەی کە شوێنی ئەوانەی گرتۆتەوە، بەڕای من نە سیاسەتە چینایەتی‌یەکانە، کە زۆرتر کێشمەکێش و کێبەرکێی نێوان ناسیونالیستە تازە ڕابووەکانە - وە هەتا بەشێکی یان بە تەواوی تازە لەدایک بووەکانە- لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کە ئەم دەربڕینانە بەکار دەهێنن، لەکاتی پێناسەکردنی تووخمە پێکهێنەرەکانی ((نەتەوە))دا ڕووبەڕووی گەلێك گرفتی گەورە دەبنەوە. نیشتەجێبوون لە ناوچەیەکی جوگرافیایی دیاری‌کراودا ناتوانێ تووخمی بنەڕەتی - سەرەکی پێکهێنەری نەتەوەیەك بێت- لەبەر ئەوەی لەو حاڵەتەدا سەبارەت بەو کەمە نەتەوانەی کە نایانەوێت ببنە بەشێك لەو زۆرایەتیانە(اکثریە)ی کە لەگەڵیاندا لە یەك ناوچەدا دەژین، دەتوانین چی بڵێین؛ ئەو تووخمە سەرەکی‌یە، لە هەمان کاتدا، ناکرێ بە تەنها زمان بێت- لەم حاڵەتەدا سەبارەت بە سربەکان کرواتەکان و بۆسنی‌یەکان کە بەیەك زمان قسە دەکەن، وە لە هەمان کاتیشدا پێیدەگەیەنن کە نەتەوە گەلێکی جیاوازن، دەبێت چی بگوترێت؟ وە یاخود دەربارەی بنیاتنەرانی هند کە هەوڵ دەدەن زمانی هندی، کە تێکەڵاوێکە لە دیالکێتە ناوچەیی‌یەکانی هندستان، وەك ((زمانی نەتەوەیی)) تەواوی نیمچە کێشوەری هندستان بیسەپێنێت، دەتوانین چی بڵێین؟ ئەو تووخمەش واتە ((ڕۆشنبیری)) گشتی باو دیسان ناتوانێت تووخمی سەرەکی پێکهێنەری ((نەتەوە)) بێت، چونکە لە هەموو شوێنێکدا لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی‌دا، گەلێك جیاوازی ڕۆشنبیری وە یان شێوازەکانی ژیان گوزەراندن لەنێوان دەوڵەمەندان و

هەژاراندا، وە یان لە نێوان کرێکاران و جووتیاراندا، زیاترە لە جیاوازی ڕۆشنبیری لە نێوان هاوسێکانی هەمان چینداً لە هەردوو دیوی سنووره نەتەوەیی‌یەکاندا.

هەروەها دەرکردنی یاسایەکی تایبەت کە کۆمەڵێك لە خەڵك - یان ڕابەرانی داهاتووی ئەوان - بە پێی ئەوە، ئەو دەرئەنجامەی بەرهەم بێنن، کە دەبێت نەتەوەیەك پێکبهێنن.

ئۆتۆریتە (نفوذ معنوی) زانستی‌یەکان لەگەڵ هەڵوێست گرتنە جیاوازەکاندا، وەك: ئەکادیمست ((چەپە کۆنەکان)) ئەریك هابزبام (١)، ئەکادیمستە ((چەپە نوێیەکان))، بەندێکت ئاندرسن(٢)، ئەکادیمستە لیبراڵەکانی وەك ئەریك گلن(٣)و ئەدیتوری پێشووی سۆسیالیستی ئەنتەرناسیونالْ نایجل هەیسن(٢)، لانی‌کەم لەم بوارەدا یەك قسەن. بەڕای ئاندرسن نەتەوەکان پێکهاتە گشتی‌یە خەیاڵی‌یەکانن نەگەرچی لەم بوارەدا خەیالْ بالادەستە، دەتوانن هەموو چەکە دڕێوەکانی دەوڵەت لەپێناوی سەپاندنی بیروباوەڕەکانی‌دا بەسەر ئەوانەدا کە ناتەبان لەگەڵیدا، بەکار ببات.

ئایدیۆلۆژیستە ناسیونالیستەکان هەمیشە تێدەکۆشن تا بنەچەی نەتەوەکەیان بۆ سەدەها سالْ لە ڕابردووی مێژوویی بگێڕنەوەو بەرگێکی لەو چەشنەی دەکەن بەبەردا. بۆ نموونە: ئەو قسەیەی کە مێژووی ئینگلستان بۆ پادشایەك بەناوی ئالفریدو چاوەسووتاوەکانی، و ئەتلری بە نائامادەییەوە دەست پێدەکات، یان حکومەتی توودجمان قسە لە هەزار سالْ حکومەت کردنی کرواتەکان دەکات، وە یان حکومەتی سربستان شەڕی کۆسۆڤا لە سالی ١٣٨٩دا سەرلەنوێ زیندوو دەکاتەوە، وە یان کاتێك کە ناسیونالیستەکانی ڕۆمانیا دەڵێن کە درێژەپێدەری چاخێکن کە تێیدا خەڵکانێك لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا لە داسیادا دایانمەزراند، هەموویان وەك یەك بە قووڵی باس لە ڕابردوو دەکەن (٥). هەموو ئەو قسانە، بەبێ جیاوازی پشتیان بە مێژووە ئەفسانەیی‌یەکان بەستووە. لەبەرئەوەی کە نەتەوەکان هەروەك پێکهاتە گشتی‌یە بەردەوامەکان پەیدانەبوون.

نەتەوەی مۆدێرن بە ئایدیای دەستەیە (هیات)کی چوون یەك (همگون) لەو شارنشینانەی کە خاوەن مافی یەکسانن وە بەیەك زمان قسە دەکەن، بە هەمان ئەندازەی خودی سەرمایەداری بەرهەمێکی مێژوویی تا ڕادەیەك هاوچەرخە. نەتەوە چەمکێکە کە لە هەر توێژینەوەیەکی جدی کۆمەڵگاکانی پێش سەرمایەداری‌دا، کە تەواوی دنیایان تا سەدەی شانزەهەم داپۆشیبوو، وە لەسەدا نەوەدی دنیا تا کەمێك پێش لە سەدەی پێشووی دەگرتەوە، ناتوانرێ جیابکرێتەوە، هەروەك کە لە توێژینەوەی ئەو کۆمەڵگایانەدا ناتوانرێ قسەیەك لەبارەی ئۆتۆمبیل و چەمکی ئۆتۆماتیکی‌یەوە بکرێت.

لە ڕاستی‌دا، ئەمە پەیوەندی نێوان دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی‌و پەیدابوونی سەرمایەداری‌یە، کە ئێمە بۆتێگەیشتنی هێزی ئەو ئەفسانانە ڕادەکێشێ کە خەڵك دەکاتە قەسابی یەکتر – وە لەم بوارانەدا هەروەك هەر جەنگێکی‌تر هەژارەکان دەبنە قەسابی یەکتری، نەك دەوڵەمەندەکان یەکتری قەسابی بکەن.

سەرمایەداری و نەتەوە

دەوڵەتەکان ڕێکخەری کۆمەڵگاکانی پێش سەرمایەدارین، بەڵام ئەم دەوڵەتانە لە چاو زۆربەی چالاکی یەکانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکدا ڕەگەزێکی دەرەکی پێکدەهێنن. دەوڵەتەکان خەڵك ناچار دەکەن بەدانی پارەو باجی جیاوازو بە شاڵاوە داگیرکاری یەکانیان بەشبەشیان دەکەن، وە بە گوشارو گەف و بەڵێن ناچاریان دەکەن کە بە سووپاکانیانەوە پەیوەستبن. بەڵام هەڵسووڕانی سەرەکی و ڕۆژانەی ئەوانە کە پەیداکردنی بژێویانە، واتە کشتوکاڵ کردن لەپێناوی تێرکردنی پێداویستی یەکانیان بەدەست لێنەدراوی دەمانەوە، ئەگەرچی بەشێکی کەم لە بەرهەمەکانیان بە مەبەستی ئاڵ و گۆڕ بەرهەم دەهێنرا.

کۆمەڵگای کشتوکاڵی - دەرەبەگی پشتی لەژێر گوشاری باجە قورسەکاندا چەمابۆوە، کەوتبووە ژێر ستەمی شەڕنگێزانەی یاساوە، بەڵام ئەمانە هەمووی شێوازی دەسەڵاتداران و زانایانی ئایینی یە (کە بە زۆری هەریەکێك بوون) و خۆی لە خۆی دا پەیمان بەستن و بوون بە بەشێك لە یەك دەوڵەتی ناوەندی یە. ئینگلستانی ئەو ڕۆژانە (کە لە ئینگلستانی ڕاستەقینە، زۆربەی بەشەکانی ڕۆژئاوای فەرەنسای ئێستا، چەند بەشێك لە وێڵز، ئیرلەنداو ئسکوتلەندا، پێکهاتبوو) ڕەنگدانەوەی خەسڵەتە ئاشکراکانی، کۆمەڵگا گەلێکی ئاوەها بوو. لەوێدا فەرمانڕەوایان سوودیان لە سیستەمێکی یەك زمانی وەردەگرت (فەرەنسایی نەرم)، بەڕێوەبەرانی خاوەن بڕوانامەو هەڵبژێردراو، زمانێکی تریان بەکار دەهێنا (لاتینی ناوەڕاست)، وە کۆمەڵانی خەڵك بە دیالێکتە جیاوازەکان قسەیان دەکرد (چەند شێوازێکی جۆراوجۆر لە ئەنگلوساکسۆن، فەرەنسی.ولش، و گلیك).

لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا دەکرا دەوڵەت بە هێزو ناوەندی بێت، وە یاخود بێهێزو بەشبەش، بەڵام هەرچۆنێك بێت دەوڵەتی نەتەوەیی بەو مانایەی ئەمڕۆ کە ئێمە تێیدەگەین، بوونێکی دەرەکی نەبووە. بۆچوونی خەڵکانی ئەو دەوڵەتانە لە هەموو ڕووی یەکەوە، ئەوە نەبوو کە خۆیان بە هاوڵاتیەکی وا

دابنێن یان بزانن کە بە زمانێکی هاوبەش دەدوێن، وە یان تەنها وەفادارانە بەرامبەر بە یەکەیەکی جوگرافی یەکگرتووی لە دابەشکردنی نەهاتوو، لە خۆیان نیشان بدەن.

لە سیستەمی سەرمایەداری‌دا مەسەلەکە تەواو جیاوازە.هەر لایەنێك لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، لە کارکردنیانەوە بیگرە تا دەگاتە خواردنێك کە دەیخۆن و پۆشاکێك کە دەیپۆشن وە یان وە خۆشی و زەماوەندەکانیان، هەر هەمووی، دەکەونە ژێر کاریگەری بازاڕەوە. بەپەرەگرتنی بازاڕ، دام و دەزگائیداری‌یەکان، چ دام و دەزگای خودی دەوڵەت بێت یان هەر کۆگاو پرۆژەیەکی تایبەتی بێت، فراوانتر و پەرەگرتووتر دەبن.

ئەفسانە داڕێژانی ئایدۆلۆژیای سەرمایەداری بە قسە بانگەشە بۆ دەوڵەتێکی بچوك و سنووردار دەکەن. بەڵام لە ڕاستی‌دا، کاریگەری بەهێزو هەمیشەیی بازاڕی پەرەگرتوو بەربڵاو تەنها بە شێوەیەك مسۆگەر دەکرێت، کە دەوڵەتێکی بە هەمان ئاست و ڕادە پەرگرتوو بەربڵاوو کاریگەر پشتیوانی لێ بکات - بڵاوکردنەوەی ئەسکەنناس، مسۆگەرکردنی دانەوەی قەرزەکان، بەرتەسك کردنەوەی گەندەڵی‌و کڵاو لەسەر خەڵکی‌نان (کڵاه برداری)، دروست کردنەوەی قادرمەر جادەکان، پاراستنی دەوڵەمەندەکان لە تۆڵەی هەژاران، هەڵگیرساندنی جەنگ، وە لە هەموو ئەمانەش گرنگتر سەپاندنی باجگەلێکی ڕێك و پێك و بە بەرنامە بەسەر خەڵکدا، ئەمانە هەمووی تەنها لە ئەستۆی دەوڵەتێکی وەهادایە.

بەڵام ئامرازی بەڕێوەبردن بەبێ بوونی ئامرازێکی پەیوەندی سادەو ساکار لەنێوان ڕەگەزە جیاوازەکانیدا، واتە زمانێك کە هەموویان قسەی پێ بکەن، ناتوانێت قورسایی‌یەکی کاریگەر هەبێت. لە هەمان کاتدا، دام و دەزگای بەڕێوەبردن وای پێ باشە کە ئەم ئامرازی پەیوەندی‌یە زمانێك بێت کە زۆربەی خەڵکی ژێر دەسەڵاتەکەی قسەی پێ بکەن: بەم شێوەیە چاودێری کردنی ئەوانە لەلایەن کارمەندانی نهێنی‌و باجگرانەوە زۆر ئاسان دەبێت، وە هاوکاری نێوان کاربەدەستانی بەدەسەڵات و بەڕێوەبەرانی بەردەستیان لە خوارەوەدا زۆر چالاکترو باشتر دەچێتە پێشەوە.

یەکەمین دەوڵەتە نەتەوەیی‌یەکان

سەرمایەداری بۆ یەکەمین جار لە سەدەی شانزەهەم بەدواوە تەکامولی خۆی لە هۆڵەنداو ئینگلستان دەست پێکرد - هەرچەندە پەیوەندی‌یەکانی پشت بەستوو بە بازاڕ، و هاوشان لەگەڵ ئەودا یەکەمین سەرەتاکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لە چەند شوێنێکی ئیتالیاو فلاندرزی سەدەی چواردەهەم، ئەڵمانیا، فەرەنساو بۆ هیمیای سەدەی شانزەهەم پەیدا ببو. لە هەر بوارێکی پەیدابوونی بازاڕدا، بە شێوەیەکی خۆبەخۆیانە، ئەو ڕەگەزانە یاخود (عناصر)انەیان بەرهەم هێناوە کە لە کۆبوونەوەی خۆیان دەوڵەتی نەتەوەیی‌یان دروست کرد.

پەرەگرتنی ئاڵوێری شمەك بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ناوچە جیاوازەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی زۆر لە نێوانیاندا دروست ببێت. بازرگانە شاری‌یەکان ڕوویان لە لادێکان کرد، دەکڕن و دەفرۆشن، وە لەگەڵ خەڵکی دواکەوتووترین لادێدا قسە دەکەن. ئەو بازرگانانە بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ ئەو لادێیانەدا قسە بکەن. ناچار بوون کە چەندەها گۆشەی شێوەزمانی ئەو لادێیانە فێر ببن و قسەی پێ بکەن. ئەوان ئەو شێوە زمانەی کە فێری ببوون تێکەڵاوییان کرد لەگەڵ زمانی شارەکان و خود بە خودو نائاگاهانە شێوازی ئیستاندەردی زمانیان دروست کرد، زمانێك کە فێر بوونی بۆ هەر کەسێك پەیوەندی لەگەڵ بازرگانی تازەدا هەبێت، بێسوود نەبوو. بازرگانەکان ئەو پەندبێژانەیان لە دەور کۆببوۆوە- کە زۆربەیان لەو ڕووەوەی کە هەم بە گیرفان و هەم بە دەروونیشیان سوودمەندبن- و هەروەها کەسانێك کە خەریکی ڕاکێشانی پیاوان بوون بۆ نێو ڕیزی سوپا بەکرێگیراوەکان (لرتش های مزدور)، هاوڕێیەتیان، دەکردن. لە هەمان کاتدا هەژارترین لادێی لادێکانیان بە مەبەستی گەڕان بەدوای کاردا جێدەهێشت، هەروەها دەوڵەمەنترین لادێیش بەمەبەستی بڕینی دەستی ئەو کەسانەی کە لە جیاوازی نرخی شت و مەك لەنێوان لادێکان و شارەکاندا سوودمەند

دەبوون (واتە وەسیطەکان) خۆیان بەرەو شارەکان ڕۆیشتن تاوەکو دەست بە ئاڵ و وێری ڕاستەوخۆی بەرهەمەکانیان بکەن. لە کۆتاییەکانی سەدەی حەقدەهەمدا، لە حاڵێکدا کە جووتیارێکی فەرەنسی سەر بە توێژی ناوەند بە درێژایی هەموو ژیان و کارکردنی، هەرگیز زیاتر لە هەشت کیلۆمەتر گەشتی نەکردبوو، کەچی لە هەر حەوت کەسی ئینگلیسی یەکێکیان بەشێکی ژیانی لە لەندەن بەسەر بردبوو(٦). بە شێوەیەکی خۆ بە خۆیانە تۆڕە بازرگانییەکان وورده وورده گۆڕان بە تۆڕە زمانییەکان. پاشان بەڕێوەبەرانی دەزگا دەوڵەتییەکان، کە خولیای کۆکردنەوەی باج بوون لە بازرگان و تاجرە گەورەکان، تێگەیشتن کە پێویستە کارەکانیان بە زمانی بازاڕ بەڕێوەببەن، نەک بە زمانی دەربارو کڵێساکان،هەروەها نووسەرە داهێنەرەکانیش تێگەیشتن کە ئەگەر دەیانەوێت خوێنەروگوێگر بۆ خۆیان پەیدا بکەن، دەبێت ئەو زمانە تازەیەی کە قسەی پێ دەکرێت بەکار ببرێت - ئەوە بوو کە دانتێ لە سەدەی چواردەهەمدا لە فلۆرەنسا، چاوسەر نیو سەدە دواتر لە ئینگلستان، لوتەرو رابیلیە لە سەدەی شانزەهەمدا لە ئەڵمانیاو فەرەنسادا بە سوود وەرگرتن لەو زمانە نوێیەی قسەکردن دەست پێشخەرییان کرد.

پێکهاتنی ئەم گۆڕانکارییانە ماوەیەکی درێژی خایاند - هەتا لە سەدەی هەڤدەدا هابز لە ئینگلستان و سپینوزا لە هۆڵەندا، توانایییان دەقە سەرەکیو بنەڕەتییەکانیان بە زمانی لاتینی بنووسن، بەڵام لە هەر شوێنێکدا کە سەرمایەداری سەقامگیر دەبوو زمانی تازەش زیاتر دەچەسپی، بە پێچەوانەشەوە لە هەر جێگایەکدا کە سەرمایەداری سەرەتایەکی درۆزنانەو ڕووکەشانەی هەبووەو پاشان خۆی داوە بەدەست زیندوکەرەوانی سیستەمی کۆنەوە، زمانەتازەکان تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاو زیانیان پێدەگەیشت: سەرلەنوێ ژیانەوەی فیئۆدالیزم لە ئیتالیای کۆتاییەکانی ڕێنیسانسدا، لە هەمان کاتدا ئەو مانایەشی دەبەخشی کە دەقە ئەدەبییەکان ئیتر بە زمانی لاتینی دەنووسرێت تا بە زمانی ئیتالی

دانتی(١٧)؟ هەروەها شکستهێنانی پرۆتسانیزمی بۆ هێمنی لەلایەن لایەنگرانی دژە ڕیفۆرمیزمی چەکدارەوە لە ساڵی ١٦٨١دا لە جەنگی شاخە سپی‌یەکاندا، لە هەمان کاتدا بە مانای شکستی زمانی چیکی بوو وەك زمانی نووسین بۆ ماوەی نزیك بە دووسەد ساڵ؛ لە ئیمپراتۆریەتی هابسبۆرگدا، زمانی لاتینی تا دەیەی ١٨٤٠ وەك بەڕێوەبردن درێژەی بە تەمەنی خۆیدا.

ئەو ڕەگەزانەی کە یەکەمین نەتەوەکانیان بەرهەم هێناوە، ژیانی خۆیان هاوشێوەی تۆڕەکانی، بازرگانی‌و بەڕێوەبەرایەتی‌و زمانی کە لە دەوروبەری شارە گرنگەکاندا گەشە دەکەن، دەست پێدەکەن، لە هەموو شوێنێکی ئەوروپادا، کارمەندانی دوایین دەسەڵاتدارێتی‌یە فیئۆدالی‌یەکان تێدەکۆشن تاکو هێزو توانای خۆیان لە بەرامبەر ئەندامانی چینی فەرمانڕەوای کۆمەڵگای فیئۆدالی کۆندا، بە یەکگرتن لەگەڵ بازرگانان و پیشەوەرانی شارەکاندا زیاتر بکەن. ئەم ((شارنشینانە)) بە زۆری لە ناوەندە جوگرافیایی‌یەکاندا تۆڕە لێکگرێدراوە پتەوەکانی بازرگانی‌و زمان پێك دەهێنن، هەندێك لە کارگوزارانی دەوڵەتی توانییان سوودی گەورەی گۆڕانی زمانی شارنشینەکان بە زمانی دەوڵەت دەرك پێبکەن. لەم ڕووەوە، ئەوان بە پتەوکردنی یەکێتی خۆیان بە بازرگانەکان و پیشەوەرەکانەوە هەوڵیاندا، تا دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە زمانێکی یەکگرتووە دروست بکەن. دەوڵەتێك کە بە پێچەوانەی دەوڵەتەکانی پێشووترەوە دەیتوانی لەسەر تازەکردنەوەی بەڵێنی پابەندبوونی هەموو ئەو کەسانەی کە لە سنوورەکەیدا دەژین، سوور بێت.

سەرهەڵدانی ئەو دەوڵەتانەی کە لەسەر بنچینەی زمان دامەزراون، بۆ بورژوازی تازە پەیدابوو گەلێك قازانجی گەورەی هەبوو. ئەو دەوڵەتانەی کە مەسەلەی ئەو بازرگانانەی شوێنەکانی‌تر کە بە زمانە ((دەرەکی–خارجی))کان قسە دەکەن، لە کێبەرکێیاندا لەگەڵ بازاڕەکانی ((ناوخۆ))دا، بەگرفتر دادەنێ. ئەم پیاوانەی دەوڵەت کە زۆرتر لە جاران کەوتوونەتە ژێر گوشاری بازرگانەکانەوە، بەگەرمی‌و پەرۆشی‌یەوە بە شوێن

بەرژەوەندییەکانی ئەوانەوەن. ئەم مەسەلەیە بەتایبەتی کاتێک کە دەوڵەت بە هاوکاری ئەوان لە کێبەرکێدا لەگەڵ گروپە بازرگانییەکانی بەرامبەردا لە بازارە جیهانییەکاندا، پەلە دەکات، بەرچاوترە- وەک کۆمپانیا خاوەن ئیمتیازە هۆڵەندیی و ئینگلیزییەکان لە سەدەی هەژدەهەمدا کە لە کێشمەکێش و خەباتیاندا لەپێناوی کۆنترۆڵکردنی بازرگانی هندی ڕۆژهەڵاتدا، لەلایەن دەوڵەتەکانیانەوە پشتیوانیان لێ دەکرا؛ هەتا لە هەندێ جێگای وەک فەرەنسای سەدەی حەڤدەهەم، دەوڵەت کە شێوەی فیئوٚدالیانەی خۆی پاراستبوو، بە تەواوەتی سوور بوو لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداری تازە پەیدا بوو.

بەڵام ئەگەر پەیدابوونی دەوڵەتی نەتەوەیی دەسپێکێکی خودبەخودی هەیە، ئەوا چەندەها ڕەگەز ((عنصر))ی هۆشیاریش بە زۆری دەستیان بە دەخاڵەتکردنی کردووە، فەیلەسوفانی سیاسەت لە دەمی ماکیافیللی- لە هەمان سەرەتای سەدەی شانزەو- بەدواوە چەندەها سیاسەتیان بە مەبەستی خێراترکردنی جوڵانی ئەم ڕەوەندە خود بە خودییەیان بەسەر دەوڵەتەکاندا سەپاند. تیوریسیانیانی ئابووری سیاسی، دکترین ((مەرکانتالیسم)) کە بە تێڕوانینی ئەو بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت یەکەڵەکەبوونی سوودی بازرگانی بازرگانەکان یەک تێڕوانینی هەبوو، کە پەیڕەوکرا. نووسەرانی شانۆ، شاعیران، ووتارنووسەکان، بۆ یەکەمین جار دەستیان کرد بە پیرۆزکردنی چەند شتێک کە پاشان بە نەریتە ((نەتەوەییەکان)) ناسران.

دەوڵەتی ((نەتەوەیی)) تازە بە کردەوە سەلماندی کە قازانجی زۆری بۆ دەسەڵاتداران هەیە، جا ئەم دەسەڵاتدارانە چ لە ئۆرۆستوکراتیەتی کۆنی بە ڕووکەش تازە بێت، وە چ لە چینی سەرمایەداری لە حاڵەتی گەشەکردندا بێت. دەوڵەتی ((نەتەوەیی)) لە ڕووکەشدا جۆرێک لە هاوپشتی لە نێوان چەوسێنەران و چەوساوەدا هێنا بووە ئاراوە؛ هەرچەندە کە پێشهاتەکان و شێوازەکانی ژیانی ئەم دوو بەشەی خەڵک لەگەڵ یەکتردا جیاوازییەکی

زەقیان هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا خاڵی هاوبەشیشیان هەیە؛ ئەوان بە زمانێك قسە دەکەن کە خەڵکیتر لێی تێناگات. ئەم مەسەلەیە بەتایبەتی بۆ بەشێك لە چینی ناوەند گرنگی‌یەکی زۆری هەبوو، چونکە ئەوان بە فێربوونی زمان و سەلماندنی وەفادارییان بۆ دەوڵەت، دەتوانن لە خودی دام و دەزگا دەوڵەتیەکاندا کارێك پەیدا بکەن، کە کەسانی سەر بە کەمە نەتەوەیی‌یەکانی ناوخۆو هەروەها خەڵکی کۆڵۆنیەکانیش لە دەرەوەی وڵات، لە پەیداکردنی کارێکی ئاوەها بێبەش بوون.

مەیلی پێکهێنانی دەوڵەتە نەتەوەیی‌یە نوێ‌یەکان

بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری لە سەرتاسەری گۆی زەویدا بە فراوانی‌یەکی هەمەگیرانە لەلایەك، وە لە هەمان کاتیشدا بە شێوەیەکی ناچوون یەك و جیاواز کەوتەوە. یەکەمین ناوەندەکانی کەڵەکەکردنی سەرمایە لە بەریتانیاو هۆڵەندا، کارگەری‌یەکی دوولایەنەیان لەسەر باقی گۆی زەوی جێهێشت. ئەم دوو وڵاتە دەستیان گرت بەسەر تەواوی ئەو وڵاتانەدا کە پێشتر کەوتبوونە ژێر نفوذیانەوەو سەرەنجام دووچاری هەژاری‌و برسێتیان دەکردن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو وڵاتانەیان بە تۆڕێکی جیهانی بە پەیوەندی‌یەکانی بازاڕەوە دەبەستەوە، لە دواجاریشدا خوازیاری دەرکەوتنی ئەو چینە ناوەندی‌یە تازانە بوون کە ئاییندەی خۆیان بە ئاییندەی سەرمایەداری‌یەوە گرێ دەدەن.

بەڵام ئەم ژ\ گرویانە خۆیان لە دنیایەکدا بینیەوە کە لە چرکەساتی ئێستادا لەژێر سایەی دەوڵەتانی سەرمایەداری‌دان، وە دەوڵەتە نەتەوەیی‌یەکان لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیاندا بەکاردەهێنن. ئەگەر بڕیار بێت کە ئەم ناوەندە تازانەی سەرمایەداری لە سنوورە دیاریکراوەکان تێپەڕی‌و ئەولاتر چێ، ئەوا پێویستیان بە دەوڵەتانێکی خۆیی وەها هەیە

که لەپێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا بجەنگن. لەم ڕووەوە بوو کە چاوی هیوای بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی فەرەنسا بە دەوڵەتێکی ڕەهای ئۆرۆستۆکراتی بوو کە لە دڵی فیئۆدالیزمەوە هەڵقوڵا بوو، تا لەپێناوی ئۆتۆریتە (نفوذ)ی جیهانی فەرەنسادا لەگەڵ بەریتانیادا بجەنگێ؛ لە هەمان ڕووەوە بوو کاتێ کە بازرگانان و خاوەن زەوییە گەورەکانی کۆلۆنیەکانی باکووری ئەمریکا سەرپێچی یان لە یاساکانی دەوڵەتی بەریتانیا کردو دەستیان بە داڕشتنی بنەماکانی دەوڵەتی خۆیان کرد. هەروەها بەرزکردنەوەی دروشمی ((مافی)) سەربەخۆیی لە بەریتانیا لەلایەن چەند بەشێك لە چینی ناوەندی دبلن و بەلفاستەوە دیسان هەر بۆ هەمان هۆ دەگەڕێتەوە.

ئەوان کە چاویان بڕیبووە پێکهاتنی دەوڵەتە نەتەوەیی‌یە تازەکان، تا بە یارمەتی ئەوان بەرژەوەندی زیاتر بەدەست بێنن، نەیاندەتوانی کە سەدەها ساڵ چاوەڕێ بن تا گەشەی خۆبەخۆی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی ببێتە هۆی پێکهێنانی ئەم جۆرە لە دەوڵەت. ڕێگای چوونەپێشەوە، لەلایەکەوە-لانی‌کەم بەشێکی-بەهۆی ئەو دەوڵەتە سەرمایەداری‌یانەی کە بە واقعی هەبوون بەتایبەتی بەریتانیا، وە لەلایەکی‌تریشەوە بەهۆی دەوڵەتە ڕەها کۆنەکانی پێش سەرمایەداری‌یەوە ڕێگای لێگیرابوو. هەتا لەپێناوی کێبەرکێ‌و هاوشان وەستانەوە لەگەڵ بەریتانیادا - ئەوا قسە لەسەر لە مەیداندا کردنە دەرەوەی هەر مەترەح نەبوو- کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی هۆشیارانەی پێویست بوو- کارێکی شۆڕشگێڕانەی وا پێویست بوو کە خاوەنی بزوێنەرێکی ئایدۆلۆژی بێت، کە لانی کەم هەتا ئەگەر بە شێوەیەکی لێڵ و ناڕۆشنیش بێت هەروەك کە واشبوو، خاڵە بنەڕەتی‌یەکانی جۆرە دەوڵەتێکی لەو چەشنەی کە بڕیار بوو پێك بێت بخاتە ڕوو.

لەم ڕووەوە شۆڕشگێڕە فەرەنسی‌یەکان بە ڕاگەیاندنی ((کۆماری فەرەنسای‌یەك پارچەو لە دابەشکردن نەهاتوو)) لە هەموویان زیاتر چوونە

پێشەوە- ئەوان بە سوود وەرگرتن لە ستەم و زۆرداری دابەشکردنی ئیداری‌یەکانی پێشوو، بە باج و سەرانە جۆراوجۆرەکانیانەوە، بەهۆی دەزگایەکی ئیداری ناوەندی‌یەوە کە لەلایەن ئەو بەڕێوەبەرە هەڵبژێردراوانەوە کە لەلایەن حکومەتەوە ئاراستە دەکران، جێگایان گیرایەوە. شۆڕشگێڕانی فەرەنسایی بە سەپاندنی ئیستاندارێکی شارستانی یەکگرتوو، کە داوای وەفاداری لە هەموو کەسێك دەکرد، دەست پێشخەرییان کرد. وەفاداری بەیان کردنی خۆی لە بە زۆر سەربازی‌کردنی لاواندا دەبینیەوە، کە دەبوو لە پێناوی ((نەتەوەی چەکداری)) خۆیدا بجەنگێت. یەکەم سیستەمی یەکگرتووی نەتەوەیی پەروەردە هێنرایە ئاراوە، کە لە پێناوی بڵاوکردنەوەی یەك زمانی یەکگرتووی نەتەوەیی‌دا لەجێگای دیالیکتە ناوچەیی‌یەکانی نیوەی باشووری فەرەنسا، برتوونی ناوچەی ڕۆژئاواو زمانی پێکهاتوو لە زمانە ئەڵمانیەکانی سنووری باکوور، بەکار ببرێت.

ئەوەی کە فەرەنسی‌یەکان بە ئەنجامیان گەیاند، بووە مۆدیلێك بۆ ئەو دەوڵەتە نەتەوەیی‌یانەی کە لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا، لەپێناوی تەکامولٌ پێدانی ((مۆدێرنانە)و سەرمایەدارانەی کۆمەڵگادا چاوی لێ بکەن. زۆری بەسەردا نەڕۆیشت کاتێك کە لاوانی شۆڕشگێڕ لە ئێرلەندا، ئەمریکای لاتین، یۆنان، ئیتالیا، ئەڵمانیا، پۆڵەندا، هەنگاریاو ئیسپانیا، دەستیان بە فۆتۆکۆپی‌کردنی ئەم ئەزموونەی فەرەنسا کرد. بە دەست پێکردنی سەدەی بیستەم ناسیونالیستە کۆپیەکراوەکان لە ناوچەی چیك زمانی نەمسا • هەنگاریا، بالکان، بەشی ئاسیای تورکیا، چین، هیندستان، ئۆکرانیا، بەشی قەفقازی ڕووسیا، شکڵیان گرتبوو. نیو سەدە دواتر شایەتی پەرەگرتنی ناسیونالیزمین لە ئیمپراتۆریەتی‌یەتەکانی بەریتانیاو فەرەنسادا- کە بە هەردووکیان تەواوی ئەفەریقیاو زۆربەی باشووری ئاسیاو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیان خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.

نەتەوە، زمان و ئایین

نەتەوە تازەکان بە پێچەوانەی نەتەوە کۆنەکانەوە، دەستکەوتێکی هۆشیارانە بوون. بزووتنەوە نەتەوەیی‌یەکانی ئیتالیا، ئەڵمانیا، یۆنان، چیک، هیندستان و ئەندەنوسیا، زۆر کۆنتر بوون لە پێکهاتنی خودی ئەو دەوڵەتانە (لەو وڵاتانەدا). لەکاتێکدا سەبارەت بە دەوڵەتە نەتەوەیی‌یە کۆنەکان، واتە ئینگلستان، فەرەنسا، ئەمەریکا، مەسەلەکە جیاوازە بیرۆکەی نەتەوە ڕێک هاوکات بوو یاخود تەنانەت پاش پێکهاتنی خودی دەوڵەتی نەتەوەیی شکڵی گرت. لە هەر ڕوویەکەوە سەیری بکەی بە شێوەیەکی گشتی بنیاتنەرانی نەتەوە تازەکان لەچاو پێشینەکانیاندا جێگایەکی دژوارتریان هەیە. ئەوانە نەتەنها دووچاری ڕاوەدوونانی شەڕەنگێزانەی سەرۆکایەتی ئەو دەوڵەتانە ببونەوە، کە دەبوایە جێنشینیان بوونایە، وە یان چاکیان بکردنایە، بەڵکو هەر لە بنەڕەتەوە کەرەسە خاوەکە یاخود ئەو خەڵکەی کە دەبوایە بە کۆمەکی ئەوان دەوڵەت پێکهێنرێ هێشتا ئامادەگی پێویستیان نەبوو. چەندەها سەدەی درێژ پێویست بوو، کە لە چوارچێوەیدا سەرمایەداری لە باکووری ڕۆژئاوای ئەورووپادا تەکامول کرد– و هەروەها بۆ باکووری ئەمریکاش بەڕێیەوە– تا لەناوچە جوگرافیە تا ڕادەیەک گەورەکاندا زمانە یەککرتووەکان زاڵبن. لە زۆربەی ناوچەکانی ئینگلستان و بەشێک لە ئۆسکوتلەندەدا، لە زۆربەی ناوچەکانی فەرەنسا، وە تەنانەت لە ئەڵمانیادا لە دەرئەنجامی سەرکەوتنی لۆثە ردا لە پێکهێنانی کڵێسایەکدا کە یەک شێوە زمانی ناوچەیی یەککرتوویان بەکاردەهێنا، زمانە یەککرتووەکان کۆمەڵایەتی بوونەوە. بە پێچەوانەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا، لە ئاسیاو ئەورووپادا درەنگ دەرکەوتنی سەرمایەداری بەو مانایە بوو کە کاری یەکبوونی زمانی ناوچەیی‌یەکانیش درەنگ دەست پێدەکات. لەم ناوچانەدا) هێشتاش هەر بەتەواوەتی شتێکی زۆر ئاسایی بوو هەروەک ئەوەی کە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست بە خۆیەوە دیبووی:

لــه دام و دەزگــا دەوڵەتیــەکاندا زمــانێك بــەکار دەبــرا، کڵێســاکانیش زمانێکی‌تریــان هــەبوو، زەوی‌دارە ناوخۆیی‌یــەکانیش زمــانێکی ســێهەمیان هەبوو، جووتیارانیش زمانێکی تایبەتی خۆیان هەبوو، وە زۆربەی خەڵکی شارەکانیش بە زمانی پێنجەم قسەیان دەکرد.

بەهۆی ئەمەوە بوو کە لە هەر بەشێکی بالکاندا، زمانی کڵێسا زمانێکی مردووبووە– لاتین، زمانی سلاڤی کڵێسایی کۆن، یۆنانی کۆن و یان عەرەبی کلاسیك، زمانی دام و دەزگاکانی ئیدارەی ئەڵمانی، چیك، تورکی‌یان یۆنانی بوو؛ زمانی جووتیاران یەکێك لـە دیالیکتـەکانی سـلاڤی‌یان هـەندێك جـار دیالێکتێکی هەنگاری یان ڕۆمانی بوو؛ وە لـە شارەکانیشدا خەڵك بە زۆری بـە یـەکێك لـە دیالکتـەکانی زمـانی ئـەڵمانی قسـەیان دەکـرد. لـە هـەموو ئەمانەش واوەتر زمانی جووتیاران لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی‌ترو تەنانـەت لە هەندێ بواردا لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی‌تر لە دێیەکدا جیاواز بوو.

تا ئەو شوێنەی کـە شـێوازەکانی بەرهـەم هێنـانی پێش سـەرمایەداری بالادەست بوو، ئـەم هـەل و مەرجـە گرفتێکـی گـەورەی دروسـت نـەدەکردو جووتیاران تا ڕادەیەکی پێویست زمـانی ئیدارات و شـارەکانیان دەزانـی تـا لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەو گفتوگۆیاندا لەگـەڵیاندا تووشـی کێشـە نـەبن؛ وە لـە ڕاسـتی‌دا لـە دووتـوێی ئاخـاوتنێکدا، بـە زۆریو بـەپێی جێگـاو شوێنەکەی، لە یەك زمان وە یان لە دیالەکتێکی ئەو زمانە بەبێ هیچ گرفتێك دەیانگواستەوە بۆ زمان یاخود دیالکتێکی‌تری جیاواتر لەو زمانەو قسـەیان پـێ دەکـرد. ڕەنگـە ئـەم جووتیارانـە تـا ڕادەیـەکی ئیسـتانداری جێگـای پەسـەندکردن لە تاقیکردنەوەیـەکی زمـاندا، شارەزاییان لـە هیـچ یـەکێك بـەم زمانانەدا نەبێت (بەتایبەتی نووسین بەم زمانانە)، بەڵام دەتوانن بەبێ‌دەست گەیشتنیان بە ئیستانداردێکی لەو جۆرە، پێویستی‌یەکانی خۆیان بەدەست بێنن. فراوانی زمانـەکان و شێوە زمانـەکان بۆ ناسیونالیستە نوێخوازەکـان مایـەی دەردەسـەری و گرفتـاری بـوو. ئـەوان ئامانجیـان گەیشـتن بـوو بـە زمانێکی یەکگرتووی چوون یەك – لە هەردوو ڕووی قسەو نووسـینەوە–.

ئـەم خالـە لـەپێناوی پێشـکەوتنی کاروبارەکـانی بـازاڕو دەوڵـەتێکی هاوچەرخدا پێویست بوو. تەنها ڕێگایەك کە ئەوان بەو ئامانجە بگەیەنێ، هەڵبژاردنی یەکێك لە زمانـەکانی ئاخـاوتن و ڕاگـەیاندنی بـوو وەك زمـانی ((نەتەوەیی))، کە پێویستە هەموان، نەك تەنها قسەی پێ بکەن، بەڵکوو پێشی بخوێنن و بنووسن.

هەڵبژاردنی زمانێکی هەمیشەیی بە تەواوەتی دڵخوازانە بوو. پەرەگرتن و فراوان بوونـی سـەرمایەداری هەرچەندە هێواش و لەسـەرخۆیە، بـەڵام بـە زۆری ئەم مانایەی دەگـەیاند کـە چـەند بەشێك لـە کۆمـەڵگای کشـتوکاڵی پێشوو لە پەیوەندییەکی بەردەوامدابوون لەگـەڵ بەشـێك لـە دانیشـتوانی شـارەکاندا، کە شـێوە زمانەکـەیان لـەپێش هـەموو شـێوە زمانـەکانیترەوە کـاری تێدەکـرا. بـۆ نموونـە لـە پراگـی سـەرەتای سـەدەی نـۆزدەدا، ووردەبرژوازی لە حاڵەتێکی پێگەیشتن و کامڵ بوونی وادابوو کە دەیتوانی وەك ئەڵقەیـەکی نـاوەندی جـێ‌ی بایـەخی ناسیونالیسـتەکان لەگـەڵ جووتیاراندا بێت لەگەڵ هـەموو ئەمانەشـدا هەمیشـە فاکتـەرێکی گرنـگ و بەدەسەڵات ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە هەڵبژاردنی زماندا بۆ نموونە ئەوکاتەی کە سەرەنجام ناسیونالیستەکانی ئیتالیا شێوەزمانی توسکانییان (کە تەنها لە سەدا دوو نیووی خـەڵکی نیمچـە دوورگەکـە قسـەیان پـێ دەکـرد) وەك زمـانی ((نەتـەوەیی)) دانـرا. یـان ئـەو دەمـەی کـە ناسیونالیستەکانی هینـد ڕایانگـەیاند کـە ئەگـەر شـێوە زمـانی ناوچـەیی دەلـی (هیندوسـتانی) لـە زاراوەکانی زمانی فارسی پاك بکرێتەوە، دەکرێت وەك زمـانی ((نەتـەوەیی)) بـەکار بهێنرێت، یـان کـاتێك کـە ناسیونالیسـتە سـلاڤیەکانی باشـووری دانیشتووی ڤییەننا، بیرۆکەی سوود وەرگرتنیان لە زمانی سلاوانێکی کۆنی کڵێسایی وەك زمانێکی نەتەوەیی ڕەت کردەوە، لە بەرامبەردا شێوە زمـانی ئیسـتوکاڤینیان (زمـانی بەشـێك لـە کرواتـەکان و سـربەکان، بـەڵام نـەك هـــەردووکیان) لـــــە جێگـــــایدا پەســــەندکرد، وە بــــەناوی ((سرب و کرواتەکانەوە)) ئاوی متمانەیان بەسەردا ڕشت(١٠).

بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە کام زمان دەبێت زمانی نەتەوەیی بێت، تەنها دەسپێکی ڕووداوەکە بوو، پاشتر دەبوو خەڵك بارێنن کە پەسەندی بکات. لەم بوارەشدا، نەتەوە تازە بە ڕێکەوتووەکان ئابووریەیە لاوازو دواکەوتووەکان، بە بەراوورد لەگەڵ ئەوانەی پێشوویاندا، کێشەو گرفتی زۆرتریان هەبوو. لەبەر ئەوەی لەو جێگەیەی کە گەشەی سەرمایەداری بە سەرکەوتن گەیشتووەو توانیویەتی بازاڕ بۆ جووتیاران و بۆ دانیشتوانی ڕوو لە زیادی شارەکانیش کارو بژێوی دابین بکات، گرفت نەبوو بەلایەوە کە هانی خەڵك بدات کە لە بەکارهێنانی زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەیی خۆیان نەدزنەوە. لە فەرەنسادا زۆربەی ئەو کەمە نەتەوەییانەی کە بە زمانی فەرەنسی قسەیان نەدەکرد شۆڕش و نەتەوەیان بە شادمانیەوە پەسەند کرد، چونکە وا دەهاتە بەرچاو کە بۆ ئەوان ژیانی باشتر بە دیاری دەهێنێ. لە ئەمریکا ئەوە لە دوای ئەوەی ئەو کۆچەرانەی کە تەنانەت زمانیشیان ئینگلیزی نەبوو، نەتەوە تازەکەیان - هەتا ئەگەر بە باشیش قسە بە زمانەکەی نەکەن- بە لایانەوە ئازیز بوو. بەڵام لە ئیسپانیا بە پێچەوانەوە بوو، کاتالۆنەکان قسەکردنیان بە زمانی کاستیلەکان و ئەندەنوسیەکان کە لە ڕووی ئابووریەوە پاشکەوتووتر بوون، پێ پەسەند نەبوو. لە ڕۆمانیادا چیکەکان و ساکسۆنەکان پێیان لەسەر بەکارهێنانی زمانی دایکی خۆیان دادەگرت. لە ئێرلەندەدا هاندان و بەڵێنەکانی دەوڵەت نەیتوانی وا لە خەڵکی ڕۆژئاوای دوور بکات کە لە بەکارهێنانی زمانی گیلیك بۆ بەرژەوەندی زمانی ئینگلیزی (کە لە ڕووی ئابووریەوە بە سوود نەبوو) چاو بپۆشن؛ وە لە هندوستاندا، خەڵکی ناوچەکانی باشوور لە بەکارهێنانی زمانی هیندی باکووریدا خۆیان دەپاراست.

نەتەوە دواکەوتووەکان لە ڕەوتی گەشەکردنیاندا لە مەڕ مەسەلەی ئایین دووچاری گەلێك گرفتی هاوشێوە بوون. مۆدێلی ناسیونالستەکان بە ڕاشکاوی و توندی مۆدێلێکی نائایینی (سکولار) بوو. لەبەر ئەوەی ئایین بەرهەمی کۆمەڵگاکانی پێش سەرمایەداری بوو، ئەو کۆمەڵگایانەی

که ئەوان هەوڵی گۆڕینیان دەدا. ئەم مەسەلەیە ئەوانی ناچار بەدانی گفت و بەڵێنی وا دەکات که لە سایەیدا سەرتاسەری سنوورەکانی دەوڵەت کە بەلای ئەمانەوە گرنگە، بچێتە ژێر چاودێرییانەوە. ئەم کارە بە زۆری ئەو خەڵکەی کە ئەمان لە هەوڵی پێکهێنانی یەك پێناسەی هاوبەشدا بوون بۆیان، دووچاری لێك دابڕین دەکات. لەم ڕووەوە بوو کە ناسیونالیستەکانی سلاڤی باشوور لە سەدەی نۆزدەدا خوازیاری یەکێتی کاسۆلیکە ئەرسەدۆکسەکان و موسوڵمانەکان بوون؛ ناسیونالیستەکانی هیند داواکاری یەکێتی بوون لە نێوان هندۆسەکان و موسوڵمانەکاندا؛ ناسیونالیستەکانی ئێرلەندا یەکێتی نێوان کاثولیکەکان و پرۆتستانتەکانیان دەخواست؛ وە ناسیونالیستەکانی عەرەبیش خوازیاری بەدیهاتنی یەکێتی نێوان موسوڵمانەکان و مەسیحیەکان بوون.

لەگەڵ ئەم هەموو ڕاستیانەشدا، بەڵام بە زۆری مەیلێك هەیە کە لە بەرامبەر ئایین دا سازش دەکات، تا بتوانێت لە نێو خەڵکی جووتیاردا کە هێشتا لە بازاڕو پلانەکانی مۆدێرنیزەکردن دوور بوون و زمانی نەتەوەییان هێشتا نەدەزانی، جێگاو شوێنێکی شیاو بەدەست بێنن. لەم ڕووەوە بوو کە ڕابەرانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئێرلەندا هەمیشە قسەکردن لەبارەی سکولاریزمەوە لەگەڵ ئەو هەوڵانەی کە بە مەبەستی ڕاکێشانی، لانی کەم، پشتیوانی‌یەکی سنووورداری کڵێساکانی کاثولیك، تێکەڵاو دەکەن. جەماوەری‌ترین سمبوڵی کۆنگرەی نەتەوەیی هند، واتا گاندی، تێدەکۆشا تا بە لەبەرکردنی پۆشاکی قەدیسێك ببێتە جێی متمانەی خەڵکی هندستان، وە میشێل عفلق، دامەزرێنەری پارتی نەتەوەیی عەرەبی بەعث، لە کۆتایی‌یەکانی ژیانیدا بوو بە موسوڵمان.

ئەو کێشانەی کە لەمەڕ مەسەلەی زمانی نەتەوەییو سازش کردن لەگەڵ ئاییندا سەرچاوەیان دەگرت، کاریگەری‌یەکی گرنگیان لەدوای خۆیان بەجێ دەهێشت. بنیاتنەرانی ناسیونالیزم بەزۆری خۆیان پەیوەست بە گروپێکەوەو دژ بە گروپێکی‌تر نەدەناساند، ئەو شتەی کە ئەمڕۆ

به دروستی ناوی ((پاکسازی نەتەوەیی)) لە خۆی ناوە، قبول نەدەکرا. ئامانجی ئەوان یەکسخستنی خەڵکانی یەك ناوچەی دیاریکراو بوو، تاکو بتوانن ئەو شوێنە بەپێی تێکەیشتنی سەرمایەدارانەی ووشەکە ((مۆدێرنیزە)) بکەن. لە حاڵەتی پێویستدا ئامادە بوون تا زمان یان پۆشنبیرییەکی دیاریکراو بە زۆر بەسەر خەڵکدا بسەپێنن، هەروەها ئامادەش بوون تەواوی هێزو دەسەڵاتی دەوڵەت لەدژی ئەو کەسانە بەکار بهێنن کە بەرگری دەکەن- بەو شێوەیەی کە شۆرشی فەرەنسی لە بەریتانی، و یان دوو هێزی بورژوازی ئینگلیزیو ئۆسکتلەندی شان بە شانی‌یەك لە ناوچە شاخاوی‌یەکانی ئۆسکوتلەندەدا کردیان. بەلام بە هەر حال ئامانجی ئەوانە یەکگرتووکردنی تەواوی خەڵك بوو، نەك سوود وەرگرتن لە لە بەشێکیان دژ بە بەشەکەی‌تریان.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ناسیونالیستەکانی سەرەتا بە هەڵبژاردنی دیالێکتی کەمە نەتەوەیەك وەك زمانی ((نەتەوەیی))، و یان پەسەندکردنی ناسنامەیەکی دیاری‌کراوی ئایینی، لە ئامانجە بنەرەتیەکەی خۆیان دووری دەخستنەوە. لەم حالەتەدا بزووتنەوەی نەتەوایەتی تەنها لە نێو بەشێك لە خەڵکدا دەیتوانی جێگاو شوێنێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە، نەك لە نێو تەواوی خەڵکدا؛ لەم حالەتەدا ئەوەی پێویست بوو بە ئاسانی جێگیر دەبوو- بەهۆی ئەمەوە بوو کە خەڵکی ئەڵمانیا زمانی خۆیان لە خەڵکی چیك جیاکردەوە، پرۆتستانەکان لە خەڵکی ئیرلەندا، موسوڵمانەکان لە خەڵکی هندستان، کاسۆلیکەکان و موسوڵمانەکان لە خەڵکی سربستان.

بنەمای چینایەتی ناسیونالیزم

ناسیونالیزم وەك بەشێك لە ئایدۆلۆژیای تەکامولی سەرمایەداری، گەشەی کردووە. چەمکی نەتەوە لە زنجیرەیەك بۆچوون و بیروباوەڕیتر کە لەگەڵ شۆڕشی بورژوازیدا هاوکات بوون، جیاناکرێتەوە. ئەگەر ناسیونالیزم جیهانی کۆنترۆڵ کردووەو ئەگەر بە نێوچەوانی هەر تاکە کەسێکی جیهانی ئەمڕۆوە خۆشەویستی ئەم یان ئەو ناسنامەی نەتەوەیی دەخوێندرێتەوە، لەو ڕووەوەیە کە سەرمایەداری جیهانی کۆنترۆڵ کردووە.

ئەمە بەو مانایە نییە کە پێشەنگانی ناسیونالیزم، خۆیان بە کردەوە سەرمایەدار بوون. هەڵبەتە کە نموونەی لەو جۆرەش هەیە. بۆ نموونە، یەکەمین حیزبی ناسیونالیست لە کاتالۆنیا، واتە لیگا، حیزبی سەرمایەدارانی کەتالۆن بوو(١١). بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی کە گەشەو بزاوتیان بە ناسیونالیزم بەخشیوە، چەند بەشێکن لە چینی ناوەندی تازە پێکهاتوو کە بەدەست دواکەوتوویی‌و رکودی کۆمەڵگاکەیانەوە، ڕەنج و ئازارێکی زۆریان چێشتووە. ئەوانە تەنها ڕێگاچارە لەوەدا دەبیننەوە کە وڵاتەکەی خۆیان بگۆڕن بەیەك ((نەتەوە))، وەك هەر نەتەوەیەکیتر، وە ئەوان لەپێناوی پێشکەوتنی ئابووریدا بەکاریبهێنن. لەو شوێنەوە کە هەر نەتەوەیەکیتریش سەرمایەدارین، لە ڕاستیدا ئەم ڕێگاچارەیە لەو شوێنەدا کۆتایی دێت کە تەکامولی سەرمایەدارانە پەسەند دەکات، هەرچەندە کە ئەم ڕێگاچارەیە ڕەنگێکی زیوینی لە تایبەتمەندی‌و کارە پۆزەتیڤە شێوە باوەکانی ژیانی لە خۆ پێچابێت: ڕەنگە هاندەری ناسیونالیستە ئێرلەندییەکان لە یەك سەدەی ڕابردوودا، ئەمە بووبێت، بەڵام بەرنامەی دامەزرێنەری شین فین (باڵی سیاسی سوپای کۆماریخوازی ئێرلەندە-و.ك) و ئارتۆر گریفیتر پێکهێنانی ((یەك مانشستر کیلیك)) بووە؛(١٢) لەوانەیە گاندی لە ڕووی دڵنیاییەوە ئامۆژگاری لەبەرکردنی پۆشاکی چنراوی دەستی ماڵانی کردبێ، بەڵام حیزبی کۆنگرەکەی لەلایەن گەورە سەرمایەدارانی هندیەوە پشتیوانی لێ دەکرا، پێکهێنان‌و دامەزراندنی

پیشەسازی گەورە خاڵی ناوەندی بەرنامەی ئابووری ئەو حیزبەی پێك دەهێنا؛ لە کینیا، نکرومە بە بایەخ وگرنگییەکی زۆرەوە باسی ((کۆمۆنالیزم))ی ئەفریقیایی دەکرد، بەڵام لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵاتی دەوڵەتیدا، دەست پێشخەری لەپێناوی بنیاتنانی پیشەسازی مۆدێرندا کرد(١٣).

ناسیونالیستەکان بە زۆری لەنێو ڕۆشنبیرانی چینی ناوەندا - شاعیران، شانۆنووسان، مامۆستایان، یاساناساندا- سەرهەڵدەدات، تا لەنێو سەرمایەدارانی گەورەدا. بەڵام بەرنامەی ئەوانە پشتی بە هاندانی سەرمایەداران بەستووە. تەنانەت ئەگەر گەشەی سەرمایەداری وا پێویست بکات، ناسیونالیستەکان بەشێکیان، بە دامەزراندنی پیشەسازی تازەی خۆماڵیکراو، دەگۆڕێن بە سەرمایەدارانی دەوڵەتی. ناسیونالیستەکان پێش ئەوەی بتوانن هەنگاو گەلێکی لەو چەشنە بنێن، پێویستە لە هەموو کۆمەڵگادا قورساییەك بۆ خۆیان بەدەست بێنن. خودی چینی ناوەڕاست، یان باشتر وایە بڵێین چەند بەشێکیان، بەشێکی گرنگی ئەم قورساییە بوون. دواکەوتوویی کۆمەڵگە، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی دەوڵەتی لە دەستی چینی دەسەڵاتداری پێش سەرمایەداریدایە یان لەدەستی هەندێك دەوڵەتی نەتەوەیی لە حاڵی حازردا هەبووی دەرەکیدا بن، خۆی لە کەمبوونی ئیمکاناتی کارکردن بۆ چینی ناوەڕاستی خوێندەوار، نیشان دەدات. سەرەنجام ڕێگاچارەی بەدیهی بۆ باشتربوونی هەل و مەرجی ژیانی تاکەکانی چینی ناوەڕاست، خەباتی ئەوانە لەپێناوی بەدەست هێنانی مافی کارکردن لە دەزگا دەوڵەتییەکاندا (وە ئەگەر زمان بوو بە کێشەیەك، خەباتکردن لەپێناوی سوودوەرگرتن لە زمانی خۆیی)، هەتا لەوەش زیاتر، خەبات لەپێناوی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لە ئامرازی دەوڵەتیداو کۆنترۆڵی ((نەتەوەیی)) بەسەریدا بووە.

دوکاندارە بچوکەکان، بورژوازی بازرگانیو پیشەگەرانی بچوکیش بە هەمان شێوە لە پشت سەری ڕەوتی ناسیونالیستییەوە ڕادەوەستن. ئەوانە

ئەوانە تواناى بەدەستهێنانى ئیمتیازاتى تایبەتى نەبوون لە دەزگاى دەوڵەتى پێش سەرمایەدارى، وە یان لە دەوڵەتانى دەرەکى لەکاتێکدا سەرمایەى گەورە تا رادەیەك تواناى ئەم کارەى هەیە. پێکهێنانى دەوڵەتێکى نەتەوەیى تازە ئەوانیشى لە بڕیارە سیاسىو نەخشە حکومیەکاندا کردۆتە خاوەن نفوذ، و هەروەها پشتیوانى لە بازاڕیش دەکرێت.

سەرەنجام، جووتیاران و چینى کرێکارى نوێش هەمیشە لە پشتیوانە چاوەڕوانکراوەکانى نەتەوە بوون. بۆچى نا کە ئەوان لە دواکەوتوویى گشتى کۆمەڵگا زیان بارن، و دووچارى سوکایەتى پروپاگەندە (تبلیغات)ى ناسیونالیستى دەتوانێت وەك ناوەندێکى ناڕەزایەتى دەربڕینى خەڵك لەنێودا کار بکات و چینەکانى خوارەوەى کۆمەڵگا بەرەو مەیدانى تێکۆشان رابکێشێ.

بەڵام ناسیونالیستەکان لە پشت بەستنیاندا بە کرێکاران و جووتیاران هەمیشە ڕووبەڕووى کێشەیەك بوونەتەوە. بێزارى ئەوان بە تەواوەتى لەبەر شێوازەکانى چەوساندنەوەى پێش سەرمایەدارى، یان چۆنێتى بەڕێوەبردنى کاروبارەکانى دەوڵەتى کۆنى پێشوو نەبوو، ئەم بێزارىو ناڕەزایەتیانە لە هەمان کاتدا، لە شێوازى تازەو لە حاڵەتى پەیدابوونى سەرمایەدارىدا سەرچاوەى دەگرت - کە لە سەروویانەوە بە زۆرى ((سەرمایەدارانى نەتەوەیى)) تازە ڕاوەستاون - و ئیمتیازاتى ((چینى ناوەندى نەتەوە))ش بوو. بزووتنەوەیەکى کرێکارىو جووتیارى کە بە دژایەتى لە بەرامبەر دەسەڵاتداران و چەوسێنەرانى کۆندا دەست پێ دەکات، دەتوانێ بە ئاسانى ڕووبەڕووى چەوسێنەرانى تازەش ببێتەوە، ڕووبەڕووبوونەوەیەك کە دەیتوانى تەواوى نەخشەکانى رابەرانى ناسیونالیست بکاتە نەخشەى سەرئاو. لەم ڕووەوەیە کە مێژووى بزووتنەوە نەتەوەییەکان بە زۆرى هاوکات بەسەردەمانێك لە پروپاگەندە لەناو کرێکاراندا دەستى پێکردووە؛ بەڵام ئەم سەردەمانە هەتاکو تەنانەت

به نرخی لادانی خودی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کاروانی ئەوان، بە زۆری بە پاشەکشە کردنێکی خێرا بە ئاڕاستەی هاوڕایی لەگەڵ بەرژەوەندی چینە دەوڵەمەندەکانی ((نەتەوە))دا بە کۆتایی خۆیان دەگەن.

لەم گۆشەیەوەیە کە دەتوانرێ خیانەتەکانی ئاڵمان لە ساڵی ١٨٤٨-١٨٤٩دا، ئیرلەندا لە ساڵی ١٩٠١-١٩٠٢دا، و یان چین لە ساڵی ١٩٢٥-١٩٢٧، هەڵسەنگێنین.

بزووتنەوەی کرێکاری لەوانەیە بتوانێت بۆ ناسیونالیستەکان، پشتیوانییەکی کاتی بێت، بەڵام ناتوانرێت لە ستراتیژیەتی ئەواندا بە قورسایییەکی جێ متمانەو جێگیر بژمێردرێت. لەم ڕووەوە پێویستە ناسیونالیستەکان پشت بە چەند بەشێک لە بورژوازی یان وردەبورژوازی ببەستن.

بزووتنەوە نەتەوەیی یە کۆنەپەرستەکان

بزووتنەوە نەتەوەییە کلاسیکیەکان، وەك بەشێك لە شۆڕشی بورژوازی ئەورووپاو ئەمریکا لە سەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا ڕووناکی بینی. پاشتر زۆربەی بزووتنەوە نەتەوەییەکان بە خەباتی خەڵکی کۆڵۆنیەکان لەپێناوی ڕزگاری لە هەژموونی فەرمانڕەوایانی ئیمپریالیستیدا لەدایك بوون. تا ئەم ئاستە، ئەم بزووتنەوانە شۆڕشگێڕانە بوون لەدژی دام و دەزگاکانی دەوڵەتی ستەمگەری سەرکار (موجود)- هەتا ئەگەر سەرەنجام ئامانجیان ئەوە بوو کە دام و دەزگایەکی دەوڵەتی ستەمکەرانەی نوێ لە جێگای ئەم دەوڵەتانەدا دابنێن.

بەڵام لە هەمان دەستپێکەوە، بزووتنەوە گەلێکی وا سەریان هەڵدا، کە سەرەڕای هەڵگرتنی هەندێ نیشانەی ((نەتەوەیی)) بوونی دیاریکراو، لە خزمەتی پاراستنی دام و دەزگای دەوڵەتی کۆندا بوون، نەك تێکدان و ڕووخاندنی. بزووتنەوەی خەڵکی ناوچە شاخاوییەکانی ئۆسکۆتلەندا،

سلاڤیەکانی دانیشتووی‌ئیمپراتۆریەتی نەمسا–هەنگاریا کە بە درێژایی شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨ دەرکەوتن، خۆیان وەك بەشێك لە جموجۆڵێکی شتی‌تری ناسیونالیستی نیشان دا.

ئامانجی ڕابەرانی ئەم بزووتنەوەیە پێکهێنانی هەندێ ناوچەی نەتەوەیی ایبەت بوو بۆ چیکەکان، ڕووتەنەکان (ئۆکرانیەکانی ڕۆژئاوا)، و سلاڤیەکانی باشوور (ناوێکی هاوبەش بوو بۆ سربەکان، کرواتەکان و یسلوانەکان بەڵام بێجگە لە چەند بەشێك لە چیکە بووهیمیایەکان، زۆربەی ەم خەڵکانە لە ڕووی ئابووری‌یەوە، جووتیارانێکی دواکەوتوو بوون کە بە ەندێ دیالێکتی ئاڵۆزو قابیلی تێنەگەیشتن لەگەڵ یەکتردا قسەیان دەکرد، بیرۆکەی هەر جۆرە پەیوەندی‌یەکی هاوبەشی نەتەوەیی لەنێوان ئەوانەدا تەنها لەناو ژمارەیەکی دیاری‌کراوی ڕۆشنبیرانی شاری‌دا برەوی هەبوو.

کێشکردنی ئەم خەڵکە جووتیارە بۆ ناو جەنگێك لەپێناوی هەڵتەکاندنی اب و نەریتە دواکەوتووە ئابووری‌و پەروەردە کۆنە ناوچەیی‌یەکان، بە شێوازێکی‌تر لە یەکێتی نەتەوەیی، نەدەکراو ئیمکانی نەبوو. بەڵام اچارکردنی بەشێکیان بە بینینی ڕۆڵی بڕتونەکان و باسکەکان دەکرا جێ‌بەجێ بکرێ– تا لە بەرگری‌کردندا لە سیستەمی کۆنی فیئۆدالی، لە ەرامبەر هێرشەکانی ناسیونالیستەکانی ئەڵمانی‌و هەنگاری‌دا لەپێناوی ەناوبردن و سەرنگونکردنیاندا، بچنە مەیدانی جەنگەوە. بەهۆی ئەمەوە وو کە (ئەم جووتیارانە) لە ساڵی ١٨٤٨دا چوونە ژێر ئاڵای دژە شۆڕشەوەو پاشای هابزبورگ لەپێناوی شکست پێهێنانی شۆڕش لە ڤیێنادا ەکاری هێنان. مارکس لەو سەردەمەدا نووسی کە ((لە ڤیێنا حەشاماتێك ە ناسیونالیستەکان کۆبوونەتەوە کە بە خەیاڵی خۆیان دژە شۆڕش ڕزگاریان بە دیاری بۆ دەهێنێ))(١٤).

جێگای سەرسوڕمان نی‌یە کە ((لەو مانگانەدا تەواوی دیموکراسیخوازانی ئەورووپا لە نەتەوە بچووکەکانی سلاڤی بێزار وون...))(١٥).

نموونەیەکە لەم جۆرە بزووتنەوانە کە پەیوەست بوون بە راپەڕینی کۆنەپەرستانەی ئیستراتەکانەوە، کە بانگەشەیان بۆ سیستەمی پاشایەتی دەکرد لە ساڵەکانی ١٧١٤و ١٧٤٦دا لەم ڕێگایەوە خەڵکی ناوچە بەرزەکانی ئۆسکۆتلەندا دەیانویست کە خۆیان لە بەرامبەر ڕێکخستنی نوێی بورژوازیانەی کۆمەڵگادا، کە لەلایەن خەڵکی زەوی‌یە نزمەکانی ئۆسکوتلەنداو ئینگلیزەوە سەپێنرابوو، بپارێزن. نموونەیەکی‌تر بزووتنەوەی ((چووان))ی بەریتانی بوو لە دەیەکانی ١٧٩٠دا، لەم بزووتنەوەیەدا قەشەو پاشاخوازەکان بێزاری‌و هەراسانی جووتیارانیان قۆستەوە. لەبەر ئەوەی وایان دەبینی کە شێوازی باوی ژیانیان کەوتبووە ژێر مەترسی‌یەوە،و سوودیان لەم هەستەی جووتیاران وەرگرت‌و هەڵگەڕانەوەیەکی کۆنەپەرستانەو دژە شۆڕشگێڕییان بەرپاکرد. سێهەمین بوار بزووتنەوە کار لیستی‌یەکانی باکووری ئیسپانیا بوو کە لە ساڵەکانی دەیەی ١٨٣٠و لە ساڵی ١٨٧٢دا بەرپایان کرد. لەم بزووتنەوانەدا جووتیارانی باسك و ناوارسە توڕەیی خۆیان لەپێناوی لەدەست نەدانی مافە باوەکانیان یاخود مافە دێرینەکانیان، بە شەڕکردن لەژێر ڕابەرایەتی کۆنەپەرستترین هێزدا، ئاشکرا کرد (یەکەمین داواکارییان سەرلەنوێ دانانەوەی دادگاکانی پشکنینی بیروباوەڕ بوو).

لەسەر هەمان ڕیتم، گەرچی بە قورسایی‌و لە جێگاو شوێنێکی کەمێك جیاوازترەوە، سیستەمی ئەورانژ لە ئێرلەندەدا بوو- کە بە شێوەیەکی هۆشیارانەو بە بەرنامە لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە لەژێر دروشمی پاشتربوونی پرۆتستانیزم و بە مەبەستی پارچەپارچەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئێرلەندالە کۆتایی‌یەکانی دەیەی ١٧٩٠دا پێکهێنراو وە لە ساڵەکانی ١٨٣٢-١٨٤٨-١٨٨٢-١٩١٢-١٩٢٠-١٩٢١دا سەرلەنوێ زیندووکرایەوە. ئەم بزووتنەوانە خۆیان بە ناسیونالیست دادەنا، ئەگەرچی هەندێك لە ناسیونالیستە هاوچەرخەکان ئەو بزووتنەوانەیان بە وێنەیەکی سەرەتایی‌یانەی ناسیونالیزم ناو دەبرد، بەڵام بزووتنەوی

لە دنیایەکدا کە بە شێوەیەکی زۆر و بەرفراوان بورژوازی بلاو دەبۆوەوە، خودی ئەوەی ((نەتەوەگەرایی)) گۆڕا بە سەمبولێکی تا ڕادەیەکی زۆر پەسەندکراو و ڕەوایی پێ بەخشرا، نەتەنها ئەو بزووتنەوانەی کە دژی سیستەمی کۆنی بەسەرچوو دەجەنگن، بەڵکو ئەوانەش کە لەپێناوی پاراستنی‌دا هەوڵیان دەدا، لەسەر ئالآکانیان دروشمە ((نەتەوەیی))یەکانیان بەرزکردەوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لەسەر ئەم ڕێچکەیە تەنانەت ئیمپراتۆریەتە شانشینەکانیش، کە پێشتر لە ڕیزی سەرسەخترین نەیارەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی‌دا بوون، خۆیان بە ناوە نەتەوەیی‌یەکان پێناسە دەکرد. پاشای هابزبورگ قەڵەمڕەوی خۆی کرد بە دوو بەشەوە لە بەشێکیاندا زمانی چیکی‌و لە بەشەکەی‌تریشیاندا زمانی ئەڵمانی لەجێگای زمانی لاتینی، بە زمانی ڕەسمی دانران.

((تزاری سەراسەری ڕووسیا))- کە لە نێو دەست و پێوەندەکانیدا بە زمانی فەرەنسی قسەیان دەکرد، بە ڕادەیەکی بەرچاو پشتیان بە بەڕێوەبەرە ئەڵمانی زمانەکان بەستبوو- بۆ یەکەمین جار هاندان و پشتگیری‌کردنی ناسیونالیزمی ڕووسیای گەورەی خستە بەرنامەی کاری خۆیەوە، ناسیونالیستێك کە گروپە نەتەوەیی‌یەکانی‌تری بە کەم دادەنا- بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ((تا سەردەمی ئەلکساندەری سێهەم (١٨٨١-١٨٩٤) بە ڕووسی کردن نەبووە سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەت (١٦).

سیستەمە ڕەهاکانی پادشایەتی کە لە کۆتایی‌یەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بە سوود وەرگرتن لە دانیشتوانی شارەکان لە پێناوی پێکهێنانی هاوسەنگی هێزدا لە بەرامبەر لۆردە فیئۆدالەکاندا، دروست ببوون بۆ جارێکی‌تر لە هەوڵدانا بوون کە ژیانی خۆیان، سەرلەنوێ بە سازش کردن لە چوارچێوەی هەل و مەرجی پێکەوە ژیان لەگەڵ هەندێك بەشی بورژوازی‌و وردە بورژوازی‌دا، درێژە پێبدەن. نێوەندەکانی پادشایەتی لەگەڵ بازرگانان، بانکداران، خاوەنی مانیفاکتۆرەکان، خانەدان و ڕۆشنبیرانی خاوەن بڕوانامە کە بە یەك زمان قسەیان دەکرد، لە حاڵەتێکدا

که لەگەڵ یان دژی دوژمنەکانی - لەوانە چەند بەشێك لە بورژوازیو وردەبورژوازی کە بە چەند زمانێکی جیاواز قسەیان دەکرد- یەکیان دەگرت، ئیمتیازاتێکی دەدا.

تەنها سیستەمە ڕەهاکانی پادشایەتی کۆن نەبوون کە سیاسەتی بەهێزکردنی ناسیونالیزمێك و سەرکووتی ناسیونالیزمێکی تریان کردبووە پیشەی خۆیان؛ دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانیش کە تەواوی ئەفریقیاو زۆربەی ناوچەکانی ئاسیایان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردبوو، سیاسەتێکی لەو چەشنەیان کردبووە پیشەی خۆیان. نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە گەواهی ستایشکردنێکی تازەی ناسیونالیزمی ((بەریتانی))بوو، کە بۆ یەکەمین جار دەزگای پەروەردەیی سەر بە دەوڵەت دامەزران کە منداڵانیان بە گیانی شانازییە مێژووییەـ((نەتەوەیی))یەکانی، ڕۆمانەکان، تەتەرەکان، شیعرو گۆرانییە جەماوەرییە ناسیونالیستییەکان گۆش دەکرد؛ ئەم دەقانە کەسانێك نووسیبویان کە پەرۆزییان بەخشی بوو بە پادشایەتی، کە بە شێوەیەکی هۆشیارانە هەوڵی پێکهێنانی ئەو نەریتەیانەیان دەدا کە ئامانجیان فۆرمۆڵەکردنی هەمان خۆش باوەڕییەکانی خەڵك بوو بەرامبەر بە سیستەمی پاشایەتی. سەبارەت بە چینە ناوەندییەکان، هاوناسنامەیی لەگەڵ ((نەتەوەیی))و ئیمپراتۆریەتدا، بە تەواوەتی کارێکی ئایدۆلۆژی نەبوو بەڵکو بەرژەوەندی ئاشکرای مادی لە پشتەوەیە: بیرۆکراتیەت کە بەڕێوەبەرانی ئەم ئیمپراتۆریەتەی لە ئەستۆ گرتبوو ئینگلیسی زمان بوو، وە دەروازەکانی نێو جیهانی کارو پیشەکان، بە ڕووی ئینگلیزی و ئۆسکۆتلەندییەکاندا کرابۆوە، ئەم دەروازەیە بۆ کاثولیکە ئێرلەندییەکان و ئوسترالیەکان بەو ئەندازەیە ئاواڵە نەبوو، هندییەکان و ئەفریقیەکان تەنانەت زۆر لەمانیش کەمتر دەرفەتیان بۆ ڕەخسابوو.

سوود وەرگرتن لە ناسیونالیزمی کۆنەپەرست، بە قۆزتنەوەیەکی بە بەرنامەی جیاوازییە زمانیو، ئایینییەکان بە مەبەستی لاوازکردنی

هەروەکو چۆن ئۆرانژەکان کەباس لە بالاتربوونی داخوازی‌یەکانی پرۆتستانەکانی ئیرلەندایی‌یەکان دەکات قۆزرابۆوە، بەریتانیا لە سەرەتای دەیەی ۱۹۹۰دا تێدەکۆشا تا لە هیندستان دیسان، یاری بە کارتی موسولمان دژ بە بزووتنەوەی نەتەوەیی تازەڕابوو بکات، وە لە ئاینیش بە مەبەستی دروست کردنی ناکۆکی لەنێوان بنگالەکاندا سوود وەرگری. هەروەها لە فەلەستینیش بەریتانیا بە هاندانی کۆچی جولەکە ئەورووپایی‌یەکان لە کۆتایی‌یەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا، هەوڵیدەدا تا هێزی بەرگری عەرەبەکان لە بەرامبەر دەسەلاتدارێتی بەرتانیادا لاواز بکات. بەریتانیا هێزی پۆلیسی قوبروسی بەزۆری بە بەکارهێنانی کەمە نەتەوەیی تورك زمانی دوورگەکە بەهێز دەکرد. وە لە سیلان (سیریلانکای ئەمڕۆ) دیسان بەشێك لە تامیلی زمانەکانی لە دروست کردنی هێزی پۆلیسدا بەکار هێنا.

ناسیونالیستەکان و کامیونالیستە ناکۆکەکان

لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەدا، لە سەرتاسەری جیهاندا، چەرخێکی نوێ سەبارەت بە بلاوبوونەوەی ئایدیالی نەتەوەیی دەستی پێ کرد. نەتەوە ناکۆکەکان بە خێرایی چوونە ناو گێژاوی جەنگ و پێکدادانە خوێناوی‌یەکانەوە لە پێناوی زەوی‌یەکی هاوبەشدا کە هەموویان پێشتر لە سەری ژیابوون.

لە مۆدیلی ناسیونالیستە یەکەمینەکاندا،مەرج ئەوە بوو کە بەئاسانی دەیتوانی کەمە نەتەوەکان بەرەو ناو چوار چێوەی دەوڵەتە نەتەوەیی یەکان ڕاکێشی. هەڵبەتە سەبارەت بە زۆرێك لەیەکەمین دەوڵەتە نەتەوەییەکان، ئەم مەسەلەیە ڕاستی‌یەکی تێدایە. ئینگلیسی‌یەکان توانییان لە دروست کردنی ناسنامەی هەستێکی نەتەوەیی هاوبەشدا لە چوار چێوەی((بەریتانیا)) و ئیمپراتۆریەتی بەریتانیادا، سەرکەوتن بەدەست بهێنن، فەرەنسی‌یەکان

توانییان ئەو باشوریانەی کە بەدیالێکتی ئەکسیتانی قسەیان دەکرد، بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، لەتانەت پشگیری و هاوسۆزی زۆرێک لە ئەڵمانی زمانەکانی ئەلزاریش بەلای خۆیدا ڕاکێشن، ئیمپراتۆریەتی ئەڵمان پشتگیری و هاو سۆزی ساکسۆنیەکان، تورینگینا، هانوڤەر، هەمبورگ و بارمن بەدەست بێنێ(هەرچەند ڕەوتی سەربەخۆیی خوازەکان لە باڤاریا و رایلند هەر وەکو پێشووتر درێژەیان بەژیانی خۆیاندا).

بەڵام ئەو ناسیونالیستانەی کە پاشتر تەکامولیان کرد، دوو چاری کێشەو گرفتێک، زۆر جیاواز ئەبوون هەر بەو جۆرەی پێشتر باسمان کردبوو، دواکەوتنی پەیدا بوونی سەرمایەداری، بەومانایە بوو کە لە نێو ئەو خەڵکانەی کە دەبوو. نەتەوەیەکی نوێ پێکبهێنن، بەدەگمەن زمان و وتەیان دیالێکتێکی بەربڵاوپەیدا دەبوو لەوانەبوو ناسیونالیستەکان بەراگەیاندنی زمانێکی ڕەسمی، وەك زمانی نەتەوەیی نوێ، پشتگیری بە شێك لە خەڵك داین بکەن، بەڵام ئەم هەنگاوە لەهەمان کاتیشدا بەمانای دژایەتی کردنی گرووپە نەتەوەییەکانیتر بوو.

هەتا ئەوکاتەش کەسەرمایەداری بەڕێژەیەکی دیاری کراو تەکامولی کرد، مەسەلەکان هەمیشە هەروا ئاسان نەبوو. بۆ چی ناکە تەکامولی سەرمایەداری بەشێك لە جووتیاران، کەتوانایان بەسەر زمانی نەتەوەیی دا نەدەشکا، بەبردنە نێو پەیوەندییەکانی بازاڕەوە کەلە نێویاندا توێژێکی تازەی وردەبورژوازی پەیدا بوو. بەڵام بەشێك لەڕۆشنبیرە تازە پەیدا بووەکان لەم ژینگە کۆمەڵایەتیەوە هەوڵیاندەدا تاشێوە زمانەکانی جووتیان بخەنە نێو زمانە نوێکەوەو بەم شێوەیە تێدەکوشان تابەمەبەستی دا بین کردنی شوێنێکی ڕەسمی بۆ ئەوان و وەلەدواجاردا لە پێناوی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی پشت بە ستوو بەواندا، خەباتیان دەکرد. لەم ڕووەوەبوو کە وەك نموونە ڕووداوی کۆچی بەردەوامی جووتیاران، شاری پراگی لەشارێکەوە کە بەزۆری ئەڵمانی زمان بوون گۆڕی بەشارێکی بەزۆری چیك زمان، وە سەرئەنجام ئەم مەسەلەیە داخوازی دەوڵەتێکی

لە هەرێمەکانی ئەمسای بوهیمی و مورافیادا واقعی کردەوە. بەڵام لاتی کەم لەکۆتایی یی‌کانی سەدەی نۆزدەدا زۆرینەیەکی لە بەر چاوی چیك زمان لە شەڕی پراگدا پەیدا ببوون.

لە زۆرێك لە شارە گەورەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بالکان، قەفقازدا، سەرجەمی گر وپەزمانیە نەیارەکان، بەبێ ئەوەی بەناچاری یەکێك لەم زمانانە باڵا دەست بن، گەشەیان کردبوو. هەنگاری و ڕۆمانی زمانەکان لە ترانسیلڤانیا،ئیتالی و ئسلوون زمانەکان لە تریەدا، ئەڵمانی و پۆلۆنی زمانەکان لە سیلسیا، لیتوانی، پۆڵەندی، یەدیش زمانەکان لە ڤیلنیوس، ئۆکرانی، یەدیش و پۆلۆنی زمانەکان لەئۆکرانیای خۆرئاوادا، تورك، یۆنانی، ئەرمەنی زمانەکان لە ئەستەمبوڵدا، یۆنانی وسلاڤی زمانەکان لە مەقدۆنیادا، ڕووس، ئەرمەنی و تورك زمانەکان لە باکۆدا.

جیهانی سەرمایەداری جیهانێك بوو کە لە دەولەتانی نەتەوەیی زمان پێکهاتبوو، بەهاتنە ناوەوەی هەرگروپێکی نەتەوەیی بۆ نێو ئەم دنیایە، ووردەبەڕژوازی ئەو نەتەوەیە، داوای زمانی دایکی وەدەوڵەتی خۆیی دەکرد. بەڵام ئەم وورده بورژوازییە زۆر درەنگتر پێی نابووە سەر زەوی کەبتوانێت لەمیانەی پرۆسەیێکی درێژخایەن و خۆبەخۆییدا، هەر وەکو ئینگلستان، هۆڵەندی یەکان، یان فەرەنسی و ئەڵمانی یەکان، دەستی بەزمانێکی یەککرتوودا بگات. ناسیونالیستە جیاوازەکان تەنها لەڕێگای جەنگە خوێناوییەکانەوە دەتوانن لەگەڵ یەکتردا- لەهەندێك بواردا لەبری جەنگ بەهۆی حکومەتە کۆنە ڕەهاکانەوە- وەیان جەنگ لەگەڵ ئەوانەدا بەئامانجەکانی خۆیان بگەن.

واتا کرداری یەکانی ئەم مەسەلەیە خۆی لەکارەساتەکانی جەنگی دووەمی بالکاندا لە ساڵی ١٩١٣ دا نیشان دەدات، لەم جەنگەدا دەولەتە نەتەوەییە ناکۆکەکانی ڕۆمانیا، سربستان ویۆنان بەیەکەوە لەدژی بولگارستان یەکیان گرت، مەقدونیایان دابەش کرد بەسەر دوو پارچەدا، بەرهەمی ئەم جەنگە نیو ملیون کوژراو بوو.

لەسالّی ١٩١٥ دا ئەم هەل ومەرجە نموونە پراکتیکی‌یەکانی خۆی لەجێگایەکی تریشدا نیشان دا. لەم ساڵەدا ئەفسەرە ناسیونالیستەکانی ((تورکە لاوەکان)) هەوڵیاندا تا خەڵکانی کورد وتورکی ئیمپراتۆریەتی کۆنی عوسمانی بەدوای خۆیاندا ڕاکێشکەن ونابوودی وکوشتاری زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئەرمەنی زمانی ئیمپراتۆریەتەکە ڕیکبخەن. نموونەیەکی تری لەم جۆرە لەساڵەکانی (١٩١٨ _ ١٩١٩) دا گروپە ناسیونالیستە نەیارە ئەرمەنی و ئازەری‌یەکان دەستیان بەکوشتاری یەکتر کرد لەباکۆدا. وەسەرەنجام، لەشەڕی ساڵەکانی(١٩٢١ _ ١٩٢٢)ی نێوان تورکیاو یۆناندا، سوپاکانی ئەم دوو وڵاتە سەدەها هەزار کەسیان لە خەڵکی نا چەکداری سەر بە نەتەوەکەی تریان لە وڵاتەکەی خۆیاندا دەرکرد. لەئەورووپای ڕۆژهەڵات، باڵکان،قەفقازادا ناسیونالیزم چووە قۆناغێکەوە کە ئیتر دەبێت نەتەوە کوژی، بەزۆر دەرکردن و تەنانەت پێکهێنانی ئۆردوگاکان بەمەبەستی جینۆسایدکردن، وەك ((پاکسازی نەتەوەیی)) بناسرێت.

ماركسیزمی كلاسیك و مەسەلەی نەتەوەیی

ماركس و ئەنگلس بەشێك بوون لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی دەیەی ١٨٤٠. ژیانی سیاسی خۆیان لەسەر بوونیادی لیبرالیزمێكی دیموكراسیانەی ڕادیكاڵدا دەست پێكرد،بەڵام زۆر زووتێگەیشتن كە ڕزگاری یەكجاری مرۆڤایەتی لە ڕێگای بزووتنەوەیەكەوە ئەگەری سەركەوتنی مسۆگەرە كە زۆر لەوەزیاتر واوەتر بڕوات،چاوییان بڕییە شۆڕشی چینی كرێكار شۆڕشێك كەكۆتایی بە((جیاوازی یە نەتەوەیی و ناكۆكی یەكانی نێوان خەڵك)) دێنێ. بەهەمان ڕادەی كە كۆتایی بە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەهێنێ، بەوڕادەیەش كۆتایی بە چەوساندنەوەی نەتەوەیەك لەلایەن نەتەوەیەكی ترەوە دەهێنێ. وە بەهەمان ئاست كە دژایەتی و ململانێ ی چینایەتی نێو نەتەوەیەك كۆتایی پێدەهێنێ، دوژمنایەتی نەتەوەیەك لە دژی نەتەوەیەكی تر بە ئاستی كۆتایی دەگەیەنێ(١٧).

بەڵام ئەم مەسەلەیە، بەو مانایە نەبوو كە ئەوان خۆیان لە خەباتی بورژوا دیموكراتیك دژ بە حكومەتە ڕەهاكان بەدوور دەگرن. ئەوان خۆیان خستە نێو دڵی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕیەكانی ساڵەكانی (١٨٤٨ -١٨٤٩) وەو لەتێڕوانینی چەپەوە هەوڵەكانی بوژوا دیموكراتیكەكان لەساز شیاندا لەگەڵ ڕژێمی كۆندا خستە ژێر نووكی تیژی ڕەخنەوە . ڕۆڵێكی چارە نووسسازی كلیل ئاسایان سەبارەت بە چوار بزووتنەوەی نەتەوەیی لەم شۆڕشانەدا گرتە ئەستۆی خۆیان : خەبات كردن لە پێناوی یەكخستنی تەواوی ئەڵمانیا و ئیتالیادا وەك دەوڵەتانێكی نەتەوەیی بورژوایی لە جێگای پاشانشینە جیاوازەكان كە ئەم دوو وڵاتەیان بە سەر چەندین پارچەدا دابەش كردبوو، خەبات لە پێناوی ڕزگار كردنی هەنگاریا لەدەسەڵاتی زنجیرە پاشاكانی هابزبورگ كە لە ڤێنادا نیشتە جێ بوون، وە خەبات كردن لە پێناوی ڕزگار كردنی پۆڵەندا لەدەستی تزاریزمی

ڕووسیادا، واته لەدەستی پارێزەری کۆنەپەرستی لەتەواوی ئەوروپادا.
هەرسەرکەوتنێکی هەریەشێك لەم بزووتنەوانە بەلەبەر چاوگرتنی هەل و مەرجی زاڵ لە ساڵەکانی(١٨٤٨ -١٨٤٩)دا بەدەستکەوتنێك بۆ تەواوی شۆڕش دەژمێررا، وەشکستی هەر یەکێکیشیان سەرکەوتنێك بوو بۆ دژە شۆڕش . بەم پێیە مارکس و ئەنگلس لە گۆشە نیگای پێکهێنانی دەوڵەتە نەتەوەییە تازەکانەوە لە ئەڵمانیا،هەنگاریا، ئیتالیا وپۆڵەندادا، وەك وەشاندنی گورزی کۆتایی لەپاشماوەکانی فیوٚدالیزم لە ئەوروپادا سەیری شەڕە شۆڕشگێڕیەکانیان دەکرد لەنێو ئەو دوژمنانەدا کە دەبوو لەم جەنگەدا لەگەڵیاندا حسابخوازی (تصفیە حساب) بکرێ ، سیاسەتمەدارانی سلاڤی هەبوو لە ئیمپراتۆریەتی نەمسا-هەنگاریادا، کەبەخواستنی هەندێك گوزارشتی ناسیونالیستی فریوکارانە پشتگیری و پشتیوانی خۆیان لە حکومەتە ڕەهاکان دەردەبڕێ. شکست پێهێنانی ئەوانە بەشێك بوو لە زەمینە سازکردن لە پێناوی پەرەگرتنی هەمە لایەنانەی دیموکراسی بورژوازی و وەلەم ڕێگەیەشەوە زەمینە خۆش کردن بوو بۆ چینی کرێکار لە دژی ڕژێم.
مارکس و ئەنگلس بۆ ئەوەی بزانن لەهەل و مەرجێکی وەهادا چی بکەن، پێویستیان بە شیکردنەوەیەکی ئاڵۆزو پێچیدە سەبارەت بە ناسیونالیزم نەبوو. لە هەمان کاتیشدا نابێت ئەو ڕاستیە فەرامۆش بکەین کەتەواوی کاتەکانی خۆیان بۆ بەشداری کردنیان لە پروپاگەندەی شۆڕشگێڕی و بەرهەم هێنانی ڕوانینێکی بە تەواوەتی نوێ دەربارەی مێژوو کۆمەڵگا، تەرخان کردبوو.
لەم ڕووەوە بە تایەتی ئەنگلس چەمکەکانی هێگلی سەبارەت بە فەلسەفەی مێژوو بەتاڵ کردەوە، لە نێو بزوتنەوە نەتەوەیی یە جیاوازەکاندا بە پێی ئەوەی کە ئەم بزوتنەوانە " خەڵکە مێژوویی یەکان" بە مێژوویی درێژو بە دوادا گەران نوێنەرایەتی دەکەن، یان " خەڵکانی نا مێژوویی" (کە لە پرۆسەی تەکامولی مێژووییدا بە پەراوێزنشینی مەحکومن) نوێنەرایەتی دەکەن، جیاکردەوە.

باوەڕناکەم، لەم قۆناغەدا، نە مارکس و نە ئەنگلس هیچ یەکێکیان تێگەیشتنیان سەبارەت بەوەی کە نەتەوە چ دیاردەیەکی مێژوویی نوێیەنی یەو، وەنەشیان دەزانی ئەو بزووتنەوانانەی کە مەحکومیان کردبوون، تاکوێ لە پابیەتمەندی یەکانی بزوتنەوە نەتەوەیی یە هاوچەرخەکان بێ بەش بوون(١٩).

ئەم دوانە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بانگەشەکانیان دژبە حوکمڕانی بەریتانیا لە ئێرلەندا سەری گرتووە، ئاراستەی کاری خۆیان سەبارەت بە بزووتنەوە نەتەوەیی یەکان لە دەی ١٨٦٠ دا گۆڕی پێشتر ئەوان سەرکووتی ئێرلەندی‌یەکانیان لەلایەن بەریتانیەکانەوە مەحکوم کردبوو، بەڵام بۆ کۆتایی‌هێنان پێی لە چاوەڕوانی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە بوون لە ئینگستاندا. ئێستا ئەوان تێڕوانینی خۆیان گۆڕیوە. مارکس بۆ ئەنگلسی نووسی : زۆرینەی هە وڵەکانم کەدا بووم بۆ ئەوە بوو تا نیشانی بدەم کە کرێکارانی ئینگیلیس لەلایەنگری فیسانیزم(بزووتنەوەی یەکەمی ئێرلەندیی‌دەکان–و.ف)ن....من ئەوکاتە وا بیرم دەکردەوە کە جیابوونەوەی ئێرلەندا لە ئینگلستان نامومکینە. بەڵام،ئێستا وابیرەدەکەمەوە کە ئەم مەسەلەیە حەتمی‌یە، ئەگەر چی لەوانەیە دوای جیابوونەوە شاهیدی دروست بوونی فیدراسیونێك بین لە نێوانیاندا(٢٠). ئەو شتەی کە ئێرلەندا پێوستی پێیەتی... خود موختاری و سەربەخۆیی لە بەریتانیا... شۆڕشی زەوی ... پشتیوانی باجە گومرگی‌یەکان لەبەرامبەر ئینگلستاندایە(١٢).

مارکس بۆ کۆگڵمانی نووسی: چینی کرێکار ی ئینگلس... پێش ئەوەی تێڕوانینی خۆی بەتەواوەتی لە تێڕوانینی چینی دەسەڵاتدارەکان سەبارەت بە ئێرلەندا جیانەکاتەوە، ناتوانێ هیچ کارێکی یەکلایی کەرەوە لێرە، واتە لە ئینگلستاندا، بەئەنجام بگەیەنێت. چینی کرێکاری ئینگلیس نەك تەنها دەبێت لەگەڵ چینی کرێکاری ئێرلەندادا خاوە نی مەسەلەیەکی هاوبەشبن، بەڵکو دەبێت لە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیەك کە لە ساڵی١٨٠١ داپەیدا بووە،دەستپێشخەری بکەن.

ئەم مەسەلەیە نابێت لە گۆشەنیگای هاونەردی لەگەڵ پرۆلیتاریای ئێرلەندەدا، کە لە داخوازی سەرچاوە گرتوو لە بەرژەوەندی یەکانی پرۆلیتاریای ئینگلیسەوە هەڵقولابێ.

بەدەر لەم بۆچوونەپرۆلیتاریای ئینگلیس بۆ هەمیشە لە زنجیری چینە دەسەڵاتدارەکاندا دەمێنێتەوە، بەڵێ کە بێسوودە لەگەڵ ئەواندا لەدژی ئێرلەندا بەرەیەکی هاوبەش پێك بهێنن..(٢٢).

مارکس لە پەیوەندی خۆیدا لەگەڵ مەسەلەی ئێرلەندادا خاڵێکی زۆر گرنگ دەخاتە ڕوو: ناسیونالیزمی کرێکارانی سەربەنەتەوەی ستەمگەر، ئەوانی لەبەرامبەر حوکمڕانەکانیاندا دەستەمۆکردووە، وەتەنها خودی خۆیان زەرەرمەند دەبن، لەحاڵێکدا ناسیونالیزمی نەتەوەیەکی ژێردەستە، ئەوان بەرەو خەبات کردن لەدژی ئەو حکومڕانانە ڕادەکێشێ. لەگەڵ ئەمانەشدا، مارکس لە خەباتی نەتەوەیەك پشتیوانی دەکرد کە هیچ کاتێك نەیدەتوانی بەشێك لە لیستی((نەتەوە گەورەکانی مێژووی ئەوروپا)) پێك بهێنێ. بەهەر حاڵ. ئەوە تەنها پاش مەرگی مارکسە کە ئەنگڵس بەپشت بەستن بە شیکردنەوەیەکی نوێی بنیاتنراو لەسەر بنەمای مەتریالیزمی مێژوویی لە نەتەوەکان دەکۆڵێتەوە. تەرحێکی ناتەواو سەبارەت بەدووبارە نووسینەوەی جەنگی جووتیاران لە ئەڵمانیادا– لەبارەی نائارامی یەکانی سەردەمی ریفۆرماسیونەوە– ئەوی ناچارکرد کەدەست بەتوێژینەوەی گۆڕاکاری‌یەکانی کۆمەڵگا لە کۆتایی یەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بکات و هەندێ فاکتەری مادی سەرنجیان ڕاکێشا کە ببوونە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەیی‌یەکان وەك دیاردەیەکی مێژوویی نوێ. ئەنگڵس پێی لەسەر ئەم خاڵە دادەگرێ‌کە لە هەمان کاتدا شارەکان گرنگی پەیدا دەکەن ولەگەڵ پادشایەتی‌دا دژ بە باقی چینی دەسەڵاتداری فیئۆدال یەك دەگرن، ((لەنێو دڵی سەرلێشێوانی خەڵکدا کەرووبەکی دیارو تایبەتی سەرەتاکانی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، وورده وورده ناسیونالیستە نوێیەکان پێکهێشتن. بەڵام ئەم ووتارە لە دەستنووسێکی هەمان کتێبێکی ناوبراو دا بوو کە تا ساڵی ١٩٣٥ بڵاو نەکرابۆوە(٢٣).

شـيكردنەوەی ماترياليسـتی مێژوويـی قووڵـتر لەسـەر ناسـيوناليزم، تاکۆتاييیەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەرهەم نەهات، واتا تا ئەو کاتەی کە گۆڕانکاری سياسی لە ناکاو خێرايی وەها شيکردنەوەيەکی خستە بەرنامەی کارەوە.

گەشـەکردنی بزووتنـەوەی سۆسياليسـتی لـە ئيمپراتۆريـەتی ئـەڵمانيادا ،بەخێرايی بـووە هـۆی گەشـەکردنی هـەمان بزووتنـەوە لەنەمساشـدا. لـەو سەردەمەدا نەمسا کە بوهيميا و مۆراڤياشی دەگرتەوە کە لە ئێستادا بـە شێك لە چيکۆسلۆڤاکيا پێك دەهێنن، بوو. وەزۆرێك لەمارکسيستە ئەڵمانی زمانەکان لە م ناوچەيەوە سەريان هەڵداوە: ئۆتۆ باوەر و رودلف هيلفردينگ نەمساوی بوون، کارڵ کاوتسکی چيکـی بـوو. بـەڵام رێـك لـە کـاتێکدا کـە حيزبی﴿سۆشياليستی﴾ی نەمسا لە يەکەمين سەرکەتنی راستەقينەی خۆی لە دەيەی ١٨٩٠ دا شادمان ببوو، روو بە ڕووی دايە لۆکێکی توونـدو رەق ببـۆوە بـەهۆی پەرۆپاگـەندە(تـەبليغاتی)ی ناسيوناليسـتی يـەوە لـە نێـوان سـلاڤيەکانی نەمسـادا، ئۆتـۆ بـاوەر هـەوڵيدا تـا بـە پێشکەشـکردنی شيکردنەوەيەکی نویێ لـە سەر ناسيۆناليزم، دايەلۆگەکە بەلايـەکدا بخـات. ئـەو بەڵگـەی دەهێنايـەوە کـە نەتـەوە(کۆبوونەوەيـەکی کلتـوری) يـان (کۆبوونەوەيەکی هاوچارەنووسان) يە، کە تەواوی ئەو کەسانەی کە سەر بە وون بە ئەزموون گـەلێکی جيـاواز لـە ئەزموونـەکانی خـەڵکانێکی سـەر بـە نەتەوەيەکیتر ئاشنا دەکات (١٢).

نەتـەوە تايبەتمـەندی هاوبـەش بە تـەواوی ئەندامای خۆی دەبەخشـێت، بەشێوەيەك بۆ نموونە کە ئەگەر ئينگليسی و ئەڵمانیيەك، پێکـەوە سەفەر بکەن، ئەزموون گەلێکی جياواز لەو گەشتە هاوبەشە بە دەست دەهێنن، ئـەم هەمەڕەنگیيە فەرهەنگیيە وا دەکات، کە تەنانەت ئەگەر خەڵك بە زمانێکی هاوبەشـيش قسـەبکەن، وەك دانيمارکیيـەکان و نەرويژیيـەکان يـان سـربەکان و کرواتـەکان، ئـەوا هـەروەکو پێشـتر بـە نەتـەوە گـەلێکی جيـاواز دەمێننـەوە (٢٥). ((لـە راسـتیدا ئـەم هەمـەڕەنگی فەرهەنگیيـە

نەتــەوەکان،ســەرەڕای ئاوێتــە بوونــی خوێنــی، لێبڕاوانــە لــە یــەکتر جیادەکاتەوە))(٢٦).

باوور بەڵگــەی دەهێنایــەوە کــە فەرهــەنگی نەتــەوەیی بەســیٚ قۆنــاغی مێژوویــدا تێپــەڕییووە. ئــەم کلتــورە لەگــەڵ کۆمۆنیزمی ســەرەتاییدا دەست پیٚ دەکات، کە لەم قۆناغەدا(تەواوی هاونیشتمانیان خزمی یەکترن، چ وەك لایــەنی کۆمەڵایــەتی کــە هــاوخوێنی یــەکترن، وەیــان چ بــە هــۆی کلتــوری هاوبەشەوە)، پاشان کۆمەڵگای چینایەتی سەر هەڵدەدا کە لەوێدا کلتوری نەتەوەیی، یەك پارچەیی خۆی لە کلتوری چینی دەسەلاٚتدارەوە وەردەگریٚ، وە ســەرەنجام کلتــوری نەتــەوەیی (نوێنەرایــەتی کۆمــەڵگای سوشیالیســتی ئایینــدە دەکــات)(٢٧). بەلاٚم (نەتەوە) دەتوانیٚ لە پەیوەند بە گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێناندا ، وەك پێکهێنەری(ئەوەی کە لە ئێمەدا مێژوویی یە) (٢٨)، وەك (عصارەیەکی مێژوویی)ببێتەجیٚی قسە وباس.

ئەو لــە درێــژەی باســەکەیدا، بــە دەســتەواژەی زۆر ئاشــکرا کەســانێك کــە بەهای نەتــەوە لە بەر چاو ناگرن و لە شوێنی ئەوە (جیــهانی نیشــتمانی پرۆلیتاریــا)، (ســەرەتاییترین هەڵویســتگیری چینــی کرێکــار لــە بەرامبــەر کێشمە کێشمەکانی دنیای بورژوازی) یاندا هەڵبژاردووە، دەداتە بەر شالاٚوی ڕەخنــە و گوتــی ئەوانــە لــە (هاوڕێیــانی چیــك زمــان و ئــەڵمانی زمــان)ن قســەدەکەن، لــە جێگــایی ئــەوەی بڵێــت (هاوڕێیــانی چیــك و ئــەڵمانی)ن. ئاشکرای کرد کە ئەوانە بە دەست بیرۆکەی(تقلیل گرایانە رۆشنگرانە) و (یەك تێگەیشتنی (اتمی) و تاکگەرایانە سەبارەت بە کۆمەڵگا) گیرۆدە بوون، ئەمەیە کە ناتوانن تێبگەن کە (تاکی مرۆڤ، خۆی بەرهەمی نەتەوەیە).

ئەنجامگیری باوور وەهابوو کە دەبێت سۆسیالیستەکان چەمکی نەتەوە، وەك فاکتەرێکی گرنگی کۆمەلاٚیەتی مێژوویی لە بوونی مرۆڤدا، بەگەشبینی و دڵنیایی یــەوە، بەنەتــەوە جیاوازەکــان بگوترێــت کــە تەنها لــە ژێــر ئــالاٚی سۆســیالیزمدا، کلتــوری نەتــەوەیی بەدواپلــەی تــەکامول خــۆی دەگــات. ((سۆســیالیزم ئارەزووەکــانی تــەواوی نەتــەوەکان لــە یــەکێتی سیاســی و

ئازادییاندا رادەگەیەنێ. سۆسیالیزم سەبارەت بە نەتەوەی ئەڵمانیش هەمان خواستی هەبوو))(٣٠). ئەو پاساوی دەهێنایەوە کە وەها پشتیوانی‌یەک لە ناسیونالیزمی کلتوری،ئەو دەرفەتە بۆ سۆسیالیستەکان دەڕەخسێنێ کە لە پارچە پارچە کردنی دەوڵەتە گەورەکان، کە لە دیدی ئەوەوە لە پێناوی فر اوان بوونی ئابووری دا پێویست بوو پێشگیری دەکات.

سۆسیالیستەکانی نەمسا بەرنامەیەکی مورەتەبیان دانا کە بە شێکی لە سەر بنچینە ی بۆ چوونەکانی باوەر دارێژرا بوو(٣١) لەم بەرنامەیەدا بەڵێن بە تەواوی ئەو نەتەوە جیاوازانەی کە لەنێو سنووری ئیمپراتۆریەتی نەمسا- هەنگاریادا دەژیان، درا بوو، کەهەموویان دەتوانن لە چوار چێوەی نەخشەی سیاسی ئیمپراتۆریەتی نەمسا - هەنگاری‌دا دامەزراوە و دام و دەزگا نەتەوەیی‌یەکانی خۆیان بنیات بنێن. بەهەموو گروپێکی نەتەوەیی لە هەر ناوچەیەکی دیاری کراودا، لە بواری مەسەلە فەرهەنگی و پەروەردەیی‌یەکاندا ئۆتۆنۆمی دەدرێت، پاشان ئەم گروپە لەگەڵ گروپەکانی ناوچەکانی تردا دەچنە نێو چوار چێوەیەکی فیدراڵی‌یەوە، کە سەرنجام هەموویان بەیەکەوە دامەزراوەیەکی یەکگرتووی ئۆتۆنۆمی لەسەرانسەری ئیمپراتۆریەتەکدا، دادەمەزرێنن. هیچ زمانێك وەك زمانی رەسمی دانپێدا نانرێ، ئەگەر چی(ئەگەر هەبوونی زمانێکی هاوبەش پێوست بێت، پەرلەمانی فیدراڵی دەتوانێت لەوبارەیەوە بڕیاربدات). پێکهاتەیەکی لەم چەشنە لەو گۆشە نیگایەوە کێشرا بوو کە(تایبەتمەندی‌یەکانی تەواوی خەڵکی نەمسا زیاتر زەق دەکاتەوە و درزەکانی نێوانیشیان گەورەوتر دەکات)(٣٢).

ئەنجامی پراکتیکیانەی تەرحێکی لەم چەشنە هاندانی ئەندامانی بزووتنەوەی سۆسیالستی بوو، بەدانی ئیمتیازی بەردەوام بەکەسانێك بوو کە لە سەر جیاوازی‌یە رۆشنبیری یەکانی نێو چینی کرێکار پێ دادەگرن، تا ئەو رادەیەی کە یەکەمین حیزبی سۆسیالیست و پاشانیش یەکێتی یە کرێکاری‌یەکان دابەش بوون بۆ چەندەها رێکخراوی جیا جیا- مەسەلەیەك

که دەبێتەهۆی دڵخۆشی خاوەنکارانی ئەڵمانی زمان و چیکی زمان، کەمێزی کار لەلایەنی تێکەڵاوی زمانی‌یەوە دەچەوسێننەوە.

یەکەمین شاڵاوی کۆبەندی تیوری دژ بە بۆچوونەکانی باوور کارڵ کاوتسکی دەستی پێکرد. ئەو لە کۆتایی‌یەکانی دەیەی ۱۸۸۰دا بە قوڵی شیکردنەوەی ماتریالیستی خۆی سەبارەت بەسەرچاوەی پەیدابوونی نەتەوە مۆدێرنەکان دەست پێکردبوو، وە سەرقاڵی نووسینی‌چەندەها ووتار بوو کە تایبەت بوو بەلایەنە جۆراو جۆرەکانی هەمان مەسەلە. ئەم بەرهەمانە خاڵی بە هێزکردنی تێڕوانینەکانی چەندەها مارکسسیتی وەك لینین بوو.هەر بەوجۆرەی کە(گورگ هاوپشت) دەست نیشانی کردووە(کاوتسکی کە تیوری‌یەکانی خۆی فۆرمۆڵە کردووە، بەبێ ئەوەی سیستەمێکی دیاریکراویان پێببە خشێت روونکرسنەوەکانی خۆی لە شێوەی بانگەوازی جیاوازدا دەربڕیوە، ئەم دەقانە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەرچاوەیەکی موعتەبەری ئەم مەسەلەیە بوو) (۳۳). جیاوازی کاوتسکی لەگەڵ باووردا(روو بە رووبوونەوەی نێوان دوو تێگەیشتنی جیاواز بوو سەبارەت بە نەتەوە)،کە لینین بە(کلتوری- سایکۆلۆژی) و(مێژوویی- ئابووری)ناوی دەبرد(۳٤).

کاوتسکی ناشیاوی بوونی پراتیکیانەی پێناسە کردنی نەتەوە بە رەسمی دەناسی:(نەتەوەیەك شکڵبەندی کۆمەڵایەتی یە کە ئەستەمە بتوانرێ پەی بەهەموو لایەنەکانی ببرێ، شکڵبەندی‌یەکە کە هەرگیز ناتوانرێ یاساکانی خۆی بە ئۆرگانیزمێکی کۆمەڵایەتی خاوەن پێناسەی دیاریکراو بگۆرێت. نەتەوەپەیوەندی‌یەکی کۆمەڵایەتی‌یە کە بە بێ ووچان خۆی دەگۆڕێ، کەلە هەل و مەرجی جیاواز دا بایەخ و گرنگی جیاوازی هەیە.....)(۳۵).

بەڵام کاوتسکی کەم و زۆر، دووپاتی دەکردەوە کە دەتوانێ لە پەیوەند لەگەڵ گۆڕانکاری یە ئابووری‌یەکاندا دەرکی نەتەوە بکات.(چەقبەستن و جیابوونەوەی کۆمەڵگاکان لە شێوەی دەوڵەتە نەتەوەیی‌یەکاندا یەکێك

لـه بـه هـێزترین هەرەمـەکانی گۆڕانـی ئابووریـیــە)(٣٦). ئـەم بەڵگـەی دەمێنایـەوە کـە خـودی ئـەم مەسـەلەیە بـە تەنـهایی روونـی دەکاتـەوە کە بۆچـی، بـۆ نموونـە: ئـەڵمانی زمانـەکانی بۆهیمیـای بـاکوور خۆیـان بـە بەشـێك لـە نەتـەوەی ئـەڵمان دادەنێـن، لـەکاتێکدا ئـەڵمانی زمانـەکانی سویسرا هەستێکی لەو چەشنەیان نی‌یە(٣٧).

((شێوازی کلاسیکیانەی دەوڵەتی مۆدێرن)) بەهۆی رۆڵی لـە تـەکامولی ئابووری دا، (دەوڵەتی نەتەوەیی‌یە، بەڵام شێوازە مۆدیرنەکان بە شێوەیەکی گشتی، تەنها یەك مەیلن، بە دەگمەن رێکدەکەوێ کە شێوازە کلاسیکیەکان بە شێوەیەکی بە تەواوەتی خەسڵەت نماگەشە بکەن) (٣٨).

ئەو لـە سـەری دەڕوا کـە (بەهـەمان رادە کـە ناکۆکی‌یـە ئابووری‌یـەکان قووڵ ببنـەوە، هـەر ناوچەیـەکی ئابووریش تێدەکۆشێ‌کە بەرهەمە شاری و گوندی‌یەکانی خۆی بـەر بـڵاو بکـات. بـەڵام بـە شـێوەیەکی زۆر بـەرفراوان ناتوانێت ئەم کارە بباتـە پێشـەوە، بـەبێ ئـەوەی زیـانێك بـە دراوسـێکانی خۆی نەگەیەنێ.ناوچە جیاوازەکانی ئەمسا مەیلی جیابوونـەوەیان هەیە، و ئەمــەش مەســەلەی رێککــەوتن و ئاشــتی نێــوان نەتــەوەکان سەخت تر دەکات)(٣٩).

کاوتسـکی رەخنـە لـەباوەر دەگـرێ لـە بـەر ئـەوەی رۆڵـی زمـان بەکـەم دەگـرێ، ئـەو دەڵـێ تەنـها بەیـەك نموونـە ئاشـنایین کـە نەتەوەیـەك لـە یـەك زمـان زیـاتر پێکـهاتبێ(کۆبوونـەوەی زمانـەکان) کەمـەر هـەمان سویسـرایە. سـەبارەت بـە نەتـەوە جیاوازەکـان کـە یـەك زمـان بـە کـار دەهێنـن-لــەم بــوارەدا نــاوی ئینگلیســی‌یەکان و ئێرلەندی‌یــەکان، دانیمارکی‌یەکان و نەرویژی‌یەکان، سربەکان و کرواتەکان دەهێنێ-دەڵێت: ئـەم مەسـەلەیە ناسـەلمێنێ کـە هەریەکەیـەکی نەتـەوەیی لـە هـەمان کـاتدا یەکە یەکی زمانیشـە، بەڵکو زۆر بـە سـادەیی ئـەو راسـتی‌یە دەسـەلمێنێ، کـە لەهـەندێك کاتـەکاندا، یەکـە یـەکی زمـانی دەتوانـێ‌لەو نەتـەوە لـە خۆبگـرێ، و هـەروەها دەیسـەلمێنێ کـە گردبوونەوەیـەکی زمـانی تەنـها

نیشانەی تایبەتمەندی نەتەوەیەك نی‌یە)(٤٠). لەراستی‌دا (رۆڵی کاریگەری زمان لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا ئێمە بە تێگەیشتنی بەشێکی گرنگ لە هێزی هەست و سۆزی نەتەوەیی ئاشنا دەکات)(٤١).

کاوتسکی تا ئەو ئاستە پێشڕەوی کرد کە پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ گەلێك فاکتەر بگێڕێتەوە. یەکەمین فاکتەر پێویستی بورژوازی بوو بە مەبەستی دابین کردنی بازاڕێك بۆ ساغ کردنەوەی شمەکەکانی خۆی، کە دەکەوێتە نێو کەندوکۆسپەکانی دابەشبوونی قەڵەمڕەوی فیئۆدالی یان دەست تێوەردانی پێکهاتە کۆنەکانی دەوڵەت. فاکتەری دووەم گرنگی بەردەوام ڕوو لە زیادی بەرەوپێشبردن بوو لە کۆمەڵگای مۆدێرندا، کە گرنگی‌یەکی بێ نموونەی بە زمان دەدا: (بیرۆکراتیەت پێکهاتەیەکە کە کاریگەری خۆی بەبێ بوونی زمانێکی یەکگرتوو بە کێشە دەزانێ)). فاکتەری سێیەم ڕێگایەك بوو کە بەپێی ئەو ((بازرگانی بوونەوەی کۆمەڵگا)) زەمینە بۆ یەکێتی زمانی بە زیاتربوونی تێکەڵاوی و پەیوەندی نێوان خەڵك لە ناوچە جیاوازەکاندا، پێك دەهێنێ، وە ئەم زمانە یەکگرتووەش شێوازێکی‌تر دێنێتە ئاراوە: ((هەمەگونی (یەکگرتوویی))) بە دەگمەن لە ڕووی پەروەردەکردنەوە بەدەست دێت، بەڵکو زیاتر بەرهەمی فراوان بوونی پەیوەندی بازرگانی‌یە لەناخۆی دەوڵەتدا))(٤٢).

وە سەرئەنجام ئەم مەسەلەیە هۆکارەکانی پێکهاتنی کێبەرکێ لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ناوەك دەوڵەتدا ڕوون دەکاتەوە. کاتێك کە هێزە ئابووری‌یەکان بە ئەندازەی پێویست بەهێزو دەسەڵاتدار نەبوون کە قسەکەرانی زمانە جیاوازەکان ناچار بە فێربوونی زمانی نەتەوەیی بکەن، هەوڵەکانی حکومەت لەپێناوی سەپاندنی چوون یەکی زمانی‌دا دەبێتە هۆی دروست بوونی جیاوازی زیاتر لەنێوان گروپە زمانی‌یە جیاوازەکاندا. هەندێك لەژێر کاریگەری بەرەسمی ناسرانی زمانەکەیانەوە لە هەندێك ئیمتیازات بەهرەمەند دەبن، ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی نەژادپەرستانە شانسی زیاتر لەپێناوی چوونەسەرەوەدا لە هەرەمی بیرۆکراتیەتدا بۆ ئەوانە

دەرخسێنێ. بەڵام ئەوانەی زەرەرمەند دەبن لەم مەسەلەیەو ئەو مەیلەیار تێدا بەهێز دەبێت کە لەبەرامبەر ناسنامەی رەسمیدا، بگەڕێنەوە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان: ((وەختێك كە لە ژیانی پیشەیی یان لە بەردەم دادگادا، زمانی زاڵ سوودمەند دەبێت، ئەندامانی نەتەوەکانی‌تر دەکەونە جێ‌وشوێنێکی لاوازترەوەو زیان دەکەن... گەشەکردن و پێگەیشتنی مندااڵنی پیشەوەران و جووتیارانی‌ئەو نەتەوانەی کە بە زمانی رەسمی نادوێن، دووچاری کێشەی زۆرتر دەبێت))(٤٣).

بەم شێوەیە کاوتسکی سەبارەت بە پێکهاتنی نەتەوە ناکۆکەکان، شیکردنەوەیەکی بەرهەم هێنا کە بە بەراورد لەگەڵ شیکردنەوەکانی باووردا مێژوویی‌ترو ماتریالیستی‌تر بوو- رەنگە هەر لەم روەوە بێت کە ئەمڕۆ باوور لەلایەن ئەوانەوە کە مارکسیزم بە توندی دەدەنە بەر رەخنە کە گوایە ((تقلیل گرایە))و ((قومیت))و ((جنسیت)) لەبەرچاو ناگرێ، جێگای رێزو ستایشە(٤٤). بەڵام لە شیکردنەوەکانی خودی کاوتسکیشدا یەك کێشەی چارەسەر نەکراو هەیە. ئەو، سەرەرای دووربینی‌یەکەی سەبارەت بە گۆڕانی گروپە نەتەوەیی‌یەکان بۆ ناسیونالیستەکان، گەشەکردنی ئابووری‌یانەی سەرمایەداری لە گۆشەیەکەوە دەبینێ کە دەبێتە هۆی خەباتی نەتەوایەتی. لە نووسینە سەرتایی‌یەکانی خۆیدا بەڵگەی دەهێنایەوە کە گەشەکردنی سەرمایەداری نەتەوەی چیك مەحکوم بە لەناوچوون دەکات. هەتا دوای ئەوەش کە وازی لەم بۆچوونەی خۆی هێنا، هەروەکو جاران بیری دەکردەوە کە بە جیهانی‌بوونی هەرچی زیاتری بازرگانی، رووبەڕووبوونەوە نەتەوەیی‌یەکانیش بەرەو لەناوچوون دەچن، ((بە هەمان رادە کە پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان هاوشان لەگەڵ پەرەگرتنی ئابووری‌دا، گەشە دەکەن، ئاست و ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە یەك زمان دەدوێن زۆرتر دەبێت... پەیوەست بوونی نەتەوەکان بە کۆمەڵگای رۆشنبیری نێونەتەوەیی‌یەوە دووبارە خۆی لە گەشەکردنی زمانە گشتی‌یەکاندا لەنێوان بازرگانان و خەڵکی رۆشنبیرو خوێندەواردا، نیشان دەدات...))(٤٥).

له بۆچوونەکانی کاوتسکی‌دا ووردبینی ودووربینی لەبەرچاو هەیە، کە ئەوی بە مەحکوم کردنی باوور سەبارەت بە هاندانی ناکۆکیە نەتەوەییەکان لە نێوان سۆشیالیستەکاندا، ڕێنوێنی کردووە: ((هیچ کاتێك پێکهاتنی فەرهەنگێکی نەتەوەیی وەك ئێستا مەحالٌ نەبووە. پاشان زۆر جێگای سەرسوڕمانە کەسانێك کە هەمیشە قسە لەسەر فەرهەنگێکی نەتەوەیی دەهێننە پێشەوە، ئامانجیشیان سۆشیالیزم بێت، کەچی فەرهەنگی نەتەوەیی بە کۆمەلآنی خەلّك دەناسێنن... کاتێك کە کۆمەلّگای سۆشیالیستی هەل و مەرجی خوێندن و پەروەردەی خستە بەردەستی خەلّکەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەو توانایەشیان پێدەبەخشێت کە بتوانن بە چەند زمان، وە هەروەها بە زمانە گشتی‌یەکانیش بدوێن، وە بەم پێ‌یە لە تەواوی شارستانێتی جیهانی‌دا، نەتەنها لە فەرهەنگی جیاوازی کۆمەلّگایەکدا، زمانی تایبەت، گشتی دەکەنەوە))(٤٦).

بەلآم ئەم دووربینی‌یە لە ناوەوەی شیکردنەوەی‌یەکی فراوانتردا شاردرابۆوە، تا ئەو رادەیەی بەرفراونی بە چەندەها شێوە کە سەرمایەداری بەپێ‌ی ئەوانە ناکۆکی‌یە نەتەوەیی‌یەکان لە چوارچێوەی دابین کردنی پێداویستی‌یەکانیاندا لە پێناوی سەرکەوتن بەسەریاندا، پێ‌دادەگرێ، بێ‌بەها دەبێت.

ڕۆزا لۆکزامبۆرگ و لینین

ڕۆزا لۆکزامبۆرگ به بەراوورد لەگەڵ باوورو کاوتسکیدا لە شوێنێکی جیاوازترەوە دەستی بە کارەکانی کرد. ئەو تێدەکۆشا لەپێناوی بنیاتنانی حیزبێکی شۆڕشگێڕ لە پۆڵەندەدا. لەم وڵاتەدا بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە ساڵەکانی دەیەی ١٨٩٠دا دووچاری لەتبوون ببوو، هەندێکیان– وەکو پیلووسکی، کە دواتر بووە دیکتاتۆری پۆڵەندا، بە خێرایی بەرەو ناسیونالیزم دەڕۆیشتن، وە بەشێکیتریشیان سەرسەختانە لەسەر هێڵی ئەنتەرناسیونالدا مانەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کاتێك کە حیزبەکەی ئەو لە کۆنگرەکانی ئەنتەرناسیونالدا لەساڵی ١٨٩٠دا و حیزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ڕووسیا لە ساڵی ١٩٠٣دا، بەشداری کرد، زۆرینەی نوێنەرانی حیزب مافی سەربەخۆبوونی پۆڵەندایان پەسەند کرد، کە لە دیدی ڕۆزا لوکزامبورگەوە ڕازی بوون بوو بە نەیارانی ناسیونالیستی ئەو لە پۆڵەندادا. ڕۆزا تا دواساتی مردنیشی لە ساڵی ١٩١٨دا بە گەرمیو گوڕییەوە درێژەی بە قسەوباسەکانی خۆی دا لەدژی هەر جۆرە ((مافی)) چارەی خۆنووسیتێك لەپێناوی نەتەوەکان و لەدژی هەر جۆرە دەخاڵەتکردنێکی سۆشیالیستەکان لە ڕاپەڕینە نەتەوەییەکاندا.

لوکزامبورگ هەڵوێستی خۆی بە پشت بەستن بە چەند بەڵگەیەك کە پێکهاتەیەکی تێکەڵاو لە ڕەگەزە(عنصر)ەکانی بۆ چوونەکانی کاوتسکی و باوور بوو، پشتیوانی دەکرد. ئەو سەرچاوە یاخود ڕەگو ریشەی ناسیونالیزمی ڕاستەوخۆ لە ئابووری دا دەبینینەوە_لە پێویستییە ئابوورییەکانی ئەم یان ئەو چینی دەسەڵاتداردا. لە لێکدانەوەکانی خۆیدا لە سەر ڕوون کردنەوەکانی کاوتسکی دەربارەی پەیدا بوونی ناسیونالیزم لە وڵاتانی وەك ئەڵمانیاو ئیتالیا دا بەتەواوی پێی لە سەر ڕۆڵ و کاریگەری بورژوازی گەورە دادەگرت(٤٧). ئەو بەڵگەی دەهێنایەوە کە ئارەزووی ئەم بەشە لە بورژوازی بۆ بازاڕێکی ناو خۆییی ئەوانی بۆ

گەشەپێدانی بزوتنەوەی نەتەوەیی ڕێنومایی دەکرد، وەخەسڵەتێکی ریالیستیشی پێبەخشین.ئەو پاشان دەست بۆ ئەم شیکردنەوە (ئابووریەیە)دەبات تا ناسیونالیزمی پۆڵەندایی سەدەکانی١٩ و٢٠ی پێ ڕوون بکاتەوە:

ئەو بنەما مادییەی کە (لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا) ئیلهامبەخشی(مەسەلەی)نەتەوەیی بوو لە پۆڵەندا دا. بە پێچەوانەی ئەورووپای ناوەندەوە ڕەگ و ڕیشەی لە گەشەکردنی سەرمایەداری مۆدێرنەوە وەرنەگرتبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕەگو ڕیشەی لە بیروڕاوبۆچوونی ئەرستۆکراتەکانەوە دەربارەی جێگاوشوێنی کۆمەڵاتی خۆی، و ڕیشەی لە ئابووری سروشتی فیئودالیەوە وەرگرتبوو.

بزووتنەوەی نەتەوەیی لە پۆڵەندا دا هاوکات لەگەڵ پەیوەندییەکانی فیئودالیدا لە ناچوو، لە کاتێکدا بورژوازی لەم وڵاتەدا لە بری قسەکەری گەشەکردنی سەرمایەداری، بەشێوەیەکی ئاشکرا فاکتەرێکی دژی نەتەوەیی بووە. ئەمە تەنها لەو ڕووەوە نەبوو کە بورژوازی ڕەچەڵەکێکی تایبەتی هەیە،بێگانە و ناتەبایە، وەبەرهەمی کۆلۆنیالیزمە، پێکهاتەیەکی نامۆیە کە لە پۆڵەندا دا چێنراوە، بەڵکو بەشێوەیەکی چارەنووسساز لەو ڕووەوەش کە پیشەسازی وڵات لە سەرەتاوە پیشەسازییەکی ناردەنی(صادراتی)بوو...ناردن بۆ ڕووسیا....بنەمای هەبوون و هۆکاری سەرەکی گەشەکردنی سەرمایەداری لەپۆڵەندادا بوو... وە بورژوازی ئەم وڵاتەی هێنابووە ئاراوە. وەسەرئەنجام مەیلی سیاسی بورژوازی ئێمە بەرەو بورژوازی ڕووسیا بوو.. حوکمڕانی بورژوازی لە پۆڵەندادا نە تەنها پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی یەککرتووی نەخستبووە بەرنامەی خۆیەوە،بەڵکو بە پێچەوانەوە پرەنسیپی خودی ئەو لە سەر داگیرکردن و دابەشکردنی وڵات دارێژرا بوو. بیرۆکەی یەکێتی و سەربەخۆیی نەتەوەیی هێزی ژیانی و سەرەکی خۆی لە سەرمایەدارییەوە وەرنەگرتبوو: ڕێک بە پێچەوانەوە، لە ڕووی مێژوویەوە ئەم بیرۆکەیە،

هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی سەرمایەداری‌دا بەرەو دامرکانەوە و خامۆش بوون دەچوو.... لە پۆڵەندادا لە نێوان بۆرژوازی نەتەوەیی و گەشەکردنی بورژوازی دا رووبەڕوو بوونەوەیەک پێکهاتووە کە نەتەنها خەسڵەتێکی خەیاڵاوی بەنەتەوە بەخشیووە، بەڵکو بەرگێکی کۆنەپەرستانەشی بەبەرداکردووە(٤٨).

لەدیدی لوگزامبورگەوە هەرکاتێک کە بورژوازی لە جێگایەکدا داواکاری دەوڵەتی نەتەوەیی نەبوو، لەو شوێنەدا کە دەوڵەتی نەتەوەیی بەشێکە لە گەشەکردنی سەرمایەداری، خودی بیرۆکەکەش کۆنەپەرست و مەحکوم کراو دەبێت.

رۆزالوکزامبورگ بۆچوونەکانی خۆی، کە لە سەرزەمینەی هەل ومەرجی پۆڵەندا دارشتبوو، گشتی(تعیم)کردەوە، ئەو بە دروستی بەڵگەی دەهێنایەوە ئەم بۆچوونەی کاوتسکی کە پێوستی‌یەکانی سەرمایەداری بە بازرگانی نێو نەتەوەیی،گەشەی ئاشتی خولزانەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە پاڵ یەکتردا بە دیاری دەهێنێت، بە هەڵە دەزانی. لەبەرامبەردا ئەو پێ‌ی لە سەر ناتەبایی روو لە زیادی نێوان دەوڵەتەکان و ناچوونیەکی خەڵکی سەر بەم وولاتانەی، دادەگرت، ئەو باوەڕی وابوو کە دەوڵەتەکان خەڵکانێک دژ بە ئارەزووی خۆیان و بە زۆر دەیانبەستن بە خۆیانەوە:

رەوەندی گۆڕانی مێژوویی... نە لەمەیل بەئاراستەی بیرۆکەی یەک (دەوڵەتی نەتەوەیی)، بەڵکو لە کێشمەکیشی مەرگبار لە نێوان نەتەوەکاندا، لە مەیل بە ئاراستەی پێکهێنانی دەوڵەتی سەرمایەداری گەورەدا،رۆیشتوون و ڕووناکییان بینیووە.... بە پێچەوانەوەی دیدی کاوتسکی‌یەوە لە جیهانی هاوچەرخدا شێوازێک کە باشترین شێوە خزمەت بە بەرژەوەندی‌یەکانی‌وەبەرهێنان(استثمار) بکات، دەوڵەتی (نەتەوەیی)نی‌یە، بەڵکو دەوڵەتێکە کە بناخەکانی خۆی لە سەر داگیرکردن هەڵچنیبێ. کاتێک کە دەمانەوێت دەوڵەتانی جیاواز لە رووی نزیکیەوە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا بەراوورد بکەین...بۆ سۆراخی مۆدێلەکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا دەڕۆین کە لەسەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە ئەورووپا و شوێنانی تری جیهاندا

دامەزراوون– وەهەروەها دەچینە سەر وولاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا کە هێشتا لە سەر سنگیدا زامی برینی چەوساندنەوەی رەشپێستەکان سارێژ نەبووە، خەریکی داگیرکردنی گۆمەڵگا ئاسیاییەکانە.

رۆزالوکزامبورگ بەو سەرئجامە دەگات، کە ئەم مەسەلەیە ئیمکانی دەست پێکردنی هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی نوێ و چالاك لە ناودەبات:

گەشەی زلهێزەکانی جیهان، کە رووبەکی تایبەتمەندێتی دنیای ئەمڕۆیە ، وەهاوشان لەگەڵ سەرمەیەداریدا گرنگیەکی رۆڵەزیادی هەیە، لە هەمان دەستپێکی کارەوە تەواوی نەتەوە بچوکەکان بەسستی و بێ توانایی مەحکوم کردووە...(مافی چارەی خۆنووسین)، سەرهەڵدانی سەربەخۆی دەوڵەتانی بچوکتر، لە وەهمێك زیاتر هیچی تر نییە، وەخەسڵەتی وەهمیانەی رۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێت... ئایا دەتوانرێ بە شێوەیەکی جدی لە(مافی چارەی خۆنووسین)ی خەڵکانێکی وەك خەڵکی مۆنتنگرو،بولگارستان،خەڵکی رۆمانیا، سربەکان و یۆنانیەکان... کە بە رووکەش سەربەخۆن، قسەبکەین؟ لەم بۆچوونەوە، بیرکردنەوە لە دانی هەر متمانەیەك یاخود زەمانەتێك لە بارەی ئیمکانی مافی چارە خۆنووسینەوە بە نەتەوەکان، یەکسانە لەگەڵ گۆرانی ئاراستەدا لەگەشەی بەرفراونی سەرمایەداری یەوە بۆ دەوڵەتانی سەدە ناوەڕاستیە بچوکەکانی پێش سەدەکانی ١٥و١٦ (٤٩).

لایەنێکی خەسڵەت ئاشکرای ئەم بەشەی بەڵگەکانی لوکزامبورگ جۆرێکە کە ئەولە روونکردنەوەیەکی درەخشانی دیالکتیکی دا، دەربارەی رەوەندە ئابووریەکانی سیستەمی سەرمایەداری، بە بۆچوونێکی بەتەواوی میکانیکی لە دەرەنجامە بەرهەم هاتووەکانی ئەم رەوەندانە دەگات-سەرمایەداری گەورە پێویستی بە خەبات ویاخی بوونە نەتەوەییەکان هەیە، بەپێی ئەمانە هیچ جێگایەکی لە ئیعرابدا نییە. ئەمە بەو مانەیە نییە کە هەڵوێستی ئەو ناکۆکیەکی سادەبێت لەگەڵ

ناسیونالیزمدا.بۆچی کە ئەو شیکردنەوەی (فراکاوتسکیستی) خۆی لە رەگ و ریشـەکانی دەوڵـەتی نەتەوەییـەوە لەگـەڵ بۆچوونـەکانی بـاوەڕیدا سـەبارەت بە ناسـیونالیزمی فەرهـەنگی تێهەڵکێش دەکـات.ئـەو بەرنامـەی باوەڕی حیزبی سۆسیالستی نەمسـا بـە تـیژی دابەشـکردنی دانیشـتوانی وڵات بـە کۆمەڵـە گروپێکـی ئۆتۆنۆمـەوە پەسـەند دەکـات. ئـەو(هەسـت و سۆزی نەتەوەیی) بە بەشێك لە(شێوازە باڵاترەکانی دیاردە دەروونییەکان) دادەنـێ، و مانـەوەی (ناسـنامەی نەتـەوەیی پۆڵـەندی)، تـا کـاتێك کـە سۆشیالیزم تواناى واڵاکردنی(ناسـۆ تازەکـانی ئـەبێت لـەپێناوی رزگـاری فەرهەنگی نەتەوەیی پۆڵەندی)دا ،پێشبینی مانەوەی دەکات (٥٠).

ئەوپەڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کە (مەسـەلەی ناسیۆنالیزم لـە پۆڵـەندەدا بۆ کرێکاران مەسەلەیەکی نامۆ نییە –و ناشتوانێ وابێت) بۆچی وا بێت لە کاتێکدا (پرۆلیتاریا نـاتوانێت لـە بەرامبـەر چەوسـانەوەیەکی (نەتـەوەیی) دڕندانـەو بـێ ئـەندازە قورسـدا کـە دژ بـە ڕۆشـنبیران ومیراتی فەرهـەنگی کۆمەڵگادا دەکرێت ،بێ دەنگ ڕاوەستێت) (٥١).

ئەو بـڕوای وابـوو کـە (پرۆلیتاریـا دەتوانێـت ودەبێـت لەبـەرگری لـە ناسنامەی نەتـەوەیی ،وەك میراتێکی فەرهـەنگی کە مافی ژیـانو مانـەوەی هەیەو دەبێت کەشـەش بکـات، بجەنگێت)، بـەڵام دەڵێـت کـە (ناسـنامەی نەتـەوەیی نـاتوانێت بـە جیابوونـەوەی نەتـەوەیی ببێتـە جێگـای بـەرگری لێکردن) (٥٢).

لینـین، پـاش ماوەیـەکی زۆر لـە نێـوان تیۆریسـینە کلاسـیکەکانی مارکسیزمدا مەسـەلەی نەتەوەیی بە ئاڵۆزترین گوزارشتی تیۆری دەخاتـە ڕوو(٥٣). لە دیدی ئەودا شیکردنەوەی ناسیۆنالیستە تازەکان ،کەهاوشانی گەشەی سەرمایەداری سەریان دەرهێنابوو ،پرۆفەیەکی ئەکادیمیانە نەبوو .ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا دەولەتێك بوو کە لـە ڕووی بەراورد کردنەوە فرە نەتەوەیی ترو پێکهاتەیەکی هەبوو کە زۆر قابیلی تەقینـەوە بـوو لـە چـاو نەمسـادا .شۆڕشی١٩٠٥، دەبێت بە هەمان ئەندازەی کرێکاران ، شۆڕشی

کەمە نەتەوەکان، جووتیاران و بۆرژوازی لیبرالیش بێت .هەڵوێستی هەڵەی حیزبەکەی ئەوسەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی، ستراتیژیەتی شۆڕشی ئەوانیشی لەنێو برد. ئەم مەسەلەیە ئەوی بۆ ناکۆکی و ناتەبایی یەکی توند لەگەڵ هەڵوێستەکانی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ وباووردا ڕاکێشا.

شیکردنەوەی لینین لەبارەی پەیدابوونی نەتەوەوە پشت ئەستوور بوو بە لێکدانەوە ماتریالیستی یەکانی کاوتسکی .لینین لە ساڵی ١٩١٤دا گووتی:

لە سەرتاسەری دنیادا ، دەورانی سەرکەوتنی یەکجاری سەرمایەداری بەسەر فیودالیزمدا لەگەڵ بزووتنەوە نەتەوەیی یەکاندا دووانە بوون . (لێرەدا نووسەر دەڵێت :"فیودالیزم بەسەر سەرمایەداریدا ..."کە پێم وایە هەڵەیەکی ئاشکرای وەرگێڕانە رووسی یەکەیە بۆ ئینگلیزی ،یاخود کەمتەرخەمی یەکی ئەوانە –و:ف" بۆچی نا کە بۆرژوازی دەبێت لە پێناوی سەرکەوتنی یەکجاری بەرهەمهێنانی کاڵایی دا،بازاڕی ناوخۆیی فەتح کردبێت ؛دەبێت لەڕووی سیاسی یەوە ناوچە ئیداری یە ناوەندی یەکانی بەیەك زمانی هاوبەشەوە پێکهێنابێت، و تەواوی کۆسپەکانی تەکامولی ئەو زمانەو جێگیربوونیشی وەك زمانی ئەدەبی لەنێو بردبێت . بنەمای ئابووری بزووتنەوە نەتەوەیی یەکان لێرەدا شاراوەیە . زمان گرنگترین ئامرازی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە. یەکێتی و تەکامول کردن بەبێ کۆسپ و ڕێگیری زمان گرنگترین مەرجی بازرگانی یەکی بە راستی ئازاد و بەرەوگرتووە، لە پێوانەی گونجاوی سەرمایەداری مۆدێرندایە، زمان گرنگترین مەرجی گروپگیری ئازادو فراوانی دانیشتوانە بە تەواوی چینە پێکهێنەرەکانیەوە، و سەرەنجام گرنگترین مەرجی پێکهێنانی پەیوەندی نزیکە لە نێوان بازاڕ و هەموو کەسێکی خاوەن(شمەك)دا، گەورە بێت یان بچوك،لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا.

لەم ڕووەوەیە کە هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بەپێکهێنانی دەوڵەتی

نەتەوەیی، کە لە ڕیزی ئەو پێویستیانەی سەرمایەداری هاوچەرخدا بە باشترین شێوەی ئامادە وەلێهاتووە، ئارەزووی هەیە.... بەم پێیە بۆ تەواوی ئەورووپای ڕۆژئاوا، (ئابێت بگوترێت) کە بۆ تەواوی دنیای شارستانی، دەوڵەتی نەتەوەیی لە چاخی سەرمایەداری دا(دیاردەیەکی)ئاسایی و نموونەداره(٥٤).

بڵاو بوونەوەی جیهانی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری، بەمانای هاتنەئارای زۆرترو زیاتری بزووتنەوە نەتەوەیەکانە:

بەشی زۆری ئاسیا.... یان کۆلۆنی(ژێردەستە) زلهێزەکانە وەیان لە دەوڵەتانێك کە تا دوائەندازە ژێر دەستە بوون و نەتەوە ژێر دەستەکانن، پێکهاتووە.بەڵام ئایا ئەم مەسەلەیە، ڕاستییەکی گومان هەڵنەگر کە هەر لە خودی ئاسیادا هەل و مەرج بۆ باشترین تەکامولی بەرهەم هێنانی کاڵایی و خێراترین گەشەی سەرمایەداری لە ژاپۆن- تاکە دەوڵەتێك کە لە سەر بنچینەی نەتەوەیی پێکهێاتووە-ڕەخساوە،لەق دەکات؟ ڕاستی نکۆڵی لێنەکراو ئەوەیە کە سەرمایەداری بە دواخستنی ئاسیا، بزووتنەوە نەتەوەییەکانی لەم کیشوەرەدا جڵەو کردووە، ئەم بزووتنەوانە ئارەزووی-مەیلی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییان هەیە،(ئەمەش بۆ خۆی ڕاستییەکە)ئەم دەوڵەتانە باشترین هەول و مەرج لە پێناوی تەکامولی سەرمایەداری دا دەرەخسێنن....

دەوڵەتی نەتەوەیی بنچینە وقانوونی سەرمایەدارییە... لەروانگەی پەیوەندییە نەتەوەیی یەکانەوە،باششترین هەل و مەرج لە پێناوی تەکامولی سەرمایەداری دا دەوڵەتی نەتەوەیی دروستی دەکات. هەڵبەتە ئەمە ئەو مانایە نابەخشێ کە دەوڵەتی لەم چەشنە، کە بە پەیوەندییە بورژوازییەکان پشت ئەستوورە، دەتوانێ چەوسانەوە و ستەمی نەتەوەیی لە نێو ببات. ئەم مەسەلەیە تەنها بەو مانایەیە کە مارکسستەکان ناتوانن ئەو فاکتەرە ئابوورییە بە هێزانەی کە مەیل و ئارەزووی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییان بەرهەم هێناوە، لە بەرچاونەگرن.

لینین لە ساڵی ١٩١٦ دا شیکردنەوەیەکی بەرهەم هێنا تا بەهۆیەوە هێرشی خۆی بۆ سەر کەسانێك دەست پێبکات کە بە شێوازی روزالوکزامبورگ بە سەرنجدان لە هۆیەکانی پەیوەندی لە نێوان تەکامولی سەرمایەداری و گەشەکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی دا ئەو دەرئەنجامەیان بە دەست هێناوە کە داواکارییە نەتەوەییەکان بەپەرەگرتنی و بڵاوبوونەوەی پێشکەوتووترین دەوڵەتانی سەرمایەداری بە سڕینەوەی سنوورە کۆنەکانیان(خەیاڵاوی)و(کۆنەپەرستانە) دەردەکەون.

بەرای ئەو ئەم کەوتنە نێو تەڵەزگە(ورطة)ی (ئیکۆنۆمیزی ئیمپریالیستی‌یەوە)هەوڵدانێك بوو بەمەبەستی کەم بەهارکردنی سیاسەت و کردنی بە بەرهەمێکی میکانیکی بێ ناوەند(واسطة)ی ئابووری . ئەو ووتی کە ئیکۆنۆمیزم بەم شێوەیە بەڵگە دەهێنێتەوە کە(سەرمایەداری سەرکەوتنی بە دەست هێناوە،بە پێ ی ئەم راستی یەش"دەست بردن" بۆ مەسەلە سیاسی‌یەکان کات بە فیڕۆدانە)، تیووری تازە دەڵێت کە (ئیمپریالیزم سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، لەم روەوە"دەست بردن" بۆ مەسەلە سیاسیەکان کات بە فیڕۆدانە). ئەم تیوری یە نا سیاسی‌یە بێ ئەندازە جێگای مەترسی دەبێت بۆ سەر مارکسیزم).

سەرەرای ئەمانە، ئەو هەروەها ئەو بۆچوونە کۆنەی کارتسکیش، کە دەڵێ لایەنگرانی پەرەگرتنی سەرمایەداری نەتەوەیی، هەر خودی سەرمایەدارانن، قبوڵ ناکات. ئەو سەرنجی لەوەدا کە لە راپەرینی ساڵی ١٩١٦ ی ئێرلەنی‌یەکاندا،(شەری سەرجادەکان چەندەها بەش لە ووردە برژوازی و چەندەها بەش لە کرێکاران سەرپەرشتی یان دەکرد....)ئەو بەو سەرنجامە گەیشت کە:

پێشبینی‌کردنی شۆرشی کۆمەڵایەتی بەبێ یاخی بوونی نەتەوە بچوکەکانی شوێنە داگیرکراوەکان و ئەورووپا، بەبێ تەقینەوە شۆرشگێری‌یەکانی چەندەها بەش لە ووردە بورژوازی، سەرەرای دەست پێشخەریشیان، بەبێ بزووتنەوەی پرۆلیتاریا و خەڵکانی نیوە پرۆلیتا،

لــه رووی سیاســی‌یەوە ناهۆشـیار، لــە دژی ســتەمی زۆرداران، کڵێســا، پادشـایەتی و دژی ستەمی نەتـەوەیی و هتـد، جگـە لـە نـەفی کردنــەوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی زیاتر هیچی‌تر نی‌یە.

لینین لە شیکردنەوەکانی خۆیدابە چەند دەرئەنجامێکی سیاسی گرنگ گەیشت. ئەو لە مافی نەتەوەکان لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا لە بەرامبەر رۆزا لوکزامبورگ و کەسانی وەك کارڵ رادەك و نیکولای بوخارین دا، کـە بـیروڕای لێکچوویـان هـەبوو، بـەرگری کـرد، بەرنامــەی "بـاووری" (ئۆتۆنۆمی رۆشنبیری نەتەوەیی) رەت کردەوە .
بەرگری لینین لە مافی نەتەوەکان لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا لـە دووبـەش پێکـهاتبوو:بەشـی یەکـەم پـەیوەندی بەهەسـتی سیاسـی کرێکارانێکـەوە هەیـە، کـە لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەتی چەوسـێنەردا هاونەتەوە بوون:
ئەگـەر ئێمـە لـە بانگەشـەو پروپاگـەندە سیاسـی‌یەکانی خۆمـاندا لـە بـۆ پێشەوە بردن و بەرگری لە مافی جیابوونەوە کەمتـەر خـەمبین، نـەك تەنها بە قازانجی بورژوازی بـەڵکو بـە قـازانجی زەویدارانـی فیئـۆدال و دەسـتەڵاتدارە رەهاکانی نەتـەوە چەوسینەرەکانیشدا کارمان کـردووە.... کـاتێك کـە رۆزا لوکزامبـورگ،لەبـەر ئـەوەی (کۆمـەکی)بـە بـورژوازی نەتـەوەیی پۆڵـەندا نـەکردووە، مـافی جیابوونـەوە لــە بەرنامـەی مارکسیسـتەکانی ڕووسـیادا رەت دەکاتـەوە، لـە راسـتی‌دا کۆمـەك بـەباندە رەشـەکانی ڕووسـیای مـەزن دەکات ...مەسەلەی ئازادی خەڵکی ڕووسیای مەزن پێویستی بە خەباتێکی درێژخایانە دژ بە چەوسینەرێکی لەو جۆرە.... مێژوویی یـەك بە درێژایی چەند سەدە سەرکوتی بزووتنەوە نەتەوەییە ژێردەستەکان و بانگەشـەی سیستماتیك بە قازانجی ئەم سەرکووتکردنانە لەلایەن چینە سەردەستەکانی کۆمەڵگاوە، کۆسپ گەلێکی لە ژمارە نەهاتووی، لە شێوەی‌بیرکردنەوەدا، لەسـەر رێگـای ئـازادی خـودی خـەڵکی ڕووسـیای مـەزندا داناوە...

پرۆلیتاریای ڕووسیای مەزن بەبێ ئەوەی کە بەشێوەیەکی سیستماتیک بە سەر ئەم جۆرە بیرکردنەوانەدا سەرکەوێت، ناگاتە ئامانجەکانی خۆیی و ناتوانێت ڕێگای گەیشتن بە ئازادی خۆی خۆش بکات....

لەسەر زەمینی ڕووسیادا، پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ، بێگومان، بەشێوەی ئیمتیازێکی تایبەتی نەتەوەی ڕووسیای مەزن دەمێنێتەوە. ئێمە، پرۆلیتاریای ڕووسیای گەورە کە پشتیوانی هیچ جۆرە ئیمتیازێك نین،ئامانەوێ هەستین بە بەرگریکردن لەم ئیمتیازەش(٥٦).

لینین هەمیشە ئەم پروپاگەندەیەی کە گوایە وەها بۆ چوونێك بزووتنەوەی کرێکاری بەپێ ی هێڵە نەتەوەییەکان دووچاری دابەش بوون دەکات، ڕەت کردەوە وگوتی کە پێچەوانەکەی ڕاستە. ئەگەر کرێکارانی نەتەوەی ژێردەستە لە نێوان خەڵکانی نەتەوەی ستەمگەردا کەسێك نەبیننەوە کە بەرگری لە مافەکانیان بکات لە پێناوی یەکسانیدا، دووچاری داوای فریودەرانەی ناسیونالیستی بورژوازی و وردە بورژوازی خۆ وولاتی دەبنەوە. لەکاتێکدا کە ئەگەر ئەوان حیزبی کرێکارانی نەتەوەی ستەمگەر، بە بەرگری کار و پشتیوانی تەواو عەیاری مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان بزانن، هۆشیار دەبن کە ئەو حیزبە لە بەرگری کردن لە بەرژەوەندییەکانی خودی ئەواندا هاتۆتە مەیدان و ئەو جا پشت دەکەنە بورژوازی و وردە بورژوازی خۆماڵی خۆیان. لینین بۆ سەلماندنی دروستی ئەم بۆ چوونەی خۆی جیابوونەوەی نەرویژ لە سوید لە ساڵی١٩٠٥ دا وەك بەڵگەیەك بە نموونە دەمێنێتەوە . ڕۆزا لوکزامبورگ بەڵگەی هێنا بۆ وە کە ئەم جیابوونەوەیە کۆنە پەرستانە بووە و ڕێك سیستەمێکی پادشایەتی لە جێگەی سیستەمێکی پادشایەتی تردا داناوە. لینین دەیگوت:

کە دەرئەنجامی ئەم جیابوونەوەیە و کارکردەکانی لە سەر کرێکاران هەنگاوێك نەبووە بەرەو دەسەڵات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دووپاتی دەکردەوە کە جوڵانەوەی سۆشیالیستە سویدییەکان لە بواری پشتیوانی کردن لە مافی جیابوونەوەی نەرویژییەکان لە سوید، ئەوەی مسۆگەر کرد

که ئەم جیابوونەوەیە هەنگاوێك نەبێت بەرەو دواوە:

هاوکاری نزیکی کرێکارانی نەرویژی و سویدی لەگەڵ یەکتردا، هاوپشتی برایانەی چینایەتی ئەوان، سەرچاوەی بەرەسمی ناسینی مافی جیابوونەوەی نەرویژییەکان بوو. خودی ئەمە کرێکارانی نەرویژی دڵنیاکرد کە کرێکارانی سویدی ئالودەی ناسیونالیزمی سویدی نین و برایەتی خۆیان لەگەڵ کرێکارانی نەرویژیدا بە باشتر لە ئیمتیازاتی بورژوازی و ئۆرستۆکراتی سویدی دادەنێن(٥٧).

سۆشیالیستەکانی نەتەوەی سەردەستە بە پشتیوانییان لە مافی چارەی خۆنووسین، ئەنتەرناسیونالیزمیان بەهێزکرد لەنێو کرێکارانی وڵاتی خۆیان و هەروەها لەنێو کرێکارانی وڵاتی ژێردەستەشدا: (لەراستیدا داننان بە مافی تەواوی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، نیشانەی هەبوونی لایەنی زۆری دیموکراسی و لانیکەمی ناسیونالیزمە(٥٨).

یەکەمین بەڵگەی لینین لەو هەنگاوەیدا لەپێناوی پەرەپێدانی دروشمی مافی چارەی خۆنووسین، لە بنەڕەتدا پەیوەندی بەو خەباتەوە هەبوو کە لەدژی بیروباوەڕە کۆنەپەرستییەکان لەنێو چینی کرێکاری نەتەوەی سەردەستدا بەڕێوە دەبرا. ئەمە ئەو مانایە ناگەیەنێ کە ئەو هەل و مەرجە تایبەتییەکان لەبەرچاوناگرێ، ئەو دەیزانی کە ڕەنگە لە هەندێ بواردا بە خراپی سوود لەم دروشمە وەربگیرێ (هەروەکو مارکس ووتبوی کە چیکەکان و سلاڤییە باشوورییەکان لە ساڵی ١٨٤٨دا خراپ سوودیان لێوەرگرت):

ناتوانرێ هیچ یەکێك لەم خواستە (دیموکراتیك)یانەت هەبێت کە، لە سایەی هەل و مەرجێکی دیاریکراودا، نەبنە ئامرازێك بەدەست بورژوازییەوە لەپێناوی خەڵەتاندنی کرێکاراندا، وە یان لە ڕاستیدا ڕۆڵێکی لەو جۆرەیان نەبێت... لەبواری کردەوەدا پرۆلیتاریا کاتێك دەتوانێ سەربەخۆیی خۆی بەدەست بێنێت، کە خەبات و تێکۆشانی خۆی لەپێناوی

تـەولوی داخوازییـە دیموکراتیکـەکاندا، ببەسـتێتەوە بـە خـەباتی شۆڕشـگێڕانەی خۆیـەوە لـەپێناوی سـەرنگون کردنـی بـورژوازیدا.... لـە سەرێکی تریشەوە مارکس... (کە) بنەما سەرەکییەکانی ئەنتەرناسیونالیزم و سۆشیالیزمی لەپێش هەموو شـتێکی تـرەوە دادەنـا، دەیگـوت کـە هیـچ نەتەوەیەك لە حاڵەتی چەوساندنەوەی نەتەوەکانیتردا، (خۆیشـی) نـاتوانێت ئازاد بێت.

سەرەنجـام سـەرەکیترین بەڵگـەی لینـین خەسـڵەتێکی-گـەرچی تەواوبێ بێ قەیدوشەرت نەبوو- گشتی هەبوو. ئەو بەڵگەیتریشـی تێکەڵاو بـە بەڵگـە سـەرەکییەکەی دەکـرد، کـە لـە هـەل و مـەرجێکی کۆنکرێتـی دیاریکراودا پـەیوەندی بـە کاریگەرییـەکانی خەباتـەوە هـەبوو لـەپێناوی مـافی چـارەی خۆنووسـین بـۆ نەتـەوە ژێردەستەکان. ئـەم بەڵگانـە زیـاتر پەیوەندییان بـە سـتراتیژیو تاکتیکـە شۆڕشـگێڕانەکانەوە هـەبوو، تـا بـە پرەنسیپەوە(اصول).

پشتیوانیکردن لە مافی چارەی خۆنووسین بە ناچاری بە مانای بە چاکتر زانینـی جیابوونـەوەی نەتەوەیـەك لـە دەوڵـەت نـەبوو. سۆشیالیسـتەکانی وڵاتـی ستەمگەر دەتوانـن، وەك ڕێگایـەك لـە خـەباتدا لـەدژی بیروبـاوەڕی کۆنەپەرسـتی لـەپێناوی مـافی جیابوونـەوەدا تێبکۆشـن؛ لـەکاتێکدا کـە سۆشیالیستەکانی وڵاتی ژێردەستە دەتوانن کرێکاران بهێننـە سـەر ئـەو باوەڕەی کـە نـەیاری جیابوونـەوە بـن- هـەروەکو چـۆن کـە مـافی (طـلاق) مەسـەلەی ژیـانی هاوبـەش بـۆ هـەردوو ژن و مێرد دیـاری دەکـات، کـە بـە شێوەیەکی ئازادانە لەو بارەیەوە بڕیار بدەن:

ئەم داواکارییە (واتـە داخـوازی مـافی چارەی خۆنووسین) یەکسـانە بـە مافی جیابوونەوە، لەت لەت کردن و پێکهێنانی دەوڵەتە بچوکەکان نییە ... هـەتا سیسـتەمێکی دیمکراتیکـی دەوڵـەتی بـە ئـازادی لـە پێنـاوی جیابوونـەوەی تـەواودا نزیکـتر بێتـەوە، لـە بـواری پراکتیکیـدا داخـوازی بۆ جیابوونەوە کەمترو ناخوازراوتر دەبێت...(٥٩).

لەبەر ئەم هۆیانـە بـوو کـە خـەبات لـە پێنـاوی بزووتنەوەیـەکی نەتـەوەیی نەتەوەیەکی ژێردەستەدا، هەتا ئەگەر لە ژێر رابەری بورژوازی وەیان ووردە بورژوازیشدا بێت، کۆمـەکی بـە خـەباتی چینـی کرێکـاری جیـهان دەکـرد. چونکە خەباتێکی لەو چەشنە هۆکاری لاواز بوونی دەوڵـەتی پادشـایەتی و چینی دەسەڵاتدارەکانیان دەبێت. لینین لەو باوەڕەدا بوو کە راپـەڕینی سـالی ۱۹۱٦ی ئێرلەندی‌یـــەکان و، راپەڕینـــە(چـــاوەڕوان)کراوەکـــانی خـــەڵکی ژێردەستەی رژێمی تزاری وئیمپریالیستەکانی رۆژئاوا، کە ئەو بە دروستی روودانیـانی لـە سـەرئەنجامی جەنگی جیهانیدا پێش بینی دەکرد، بەشـێك بـوون لـەم دەسـتەیە.لـەم بـوارەدا نـە تەنـها سۆشیالیسـتەکانی نەتـەوەی ستەمگەر دەبێت بەرگری‌کاری مافی جیابوونەوەبن، بەڵکو سۆشیالیستەکانی نەتـەوە ژێردەسـتەکانیش دەبێـت بـە شـێك بـن لـە خـەبات لـە پێنـاوی جیابوونەوەدا.(ئەگەر ئەمانەوێت پشت لە سۆشیالیزم بکـەین، دەبێـت لـە هــەموو جــۆرە راپـــەڕینێکدا، تەنــها بــەو مەرجــەی ســەر بــە چینــە کۆنەپەرستەکان نەبێت، دژ بەدوژمنی سەرەکی و بنەڕەتی خۆیان، بورژوازی دەوڵەتەگەورەکان، پشتیوانی دەکەین)(٦٠).

ئەگەر چی رووبداوە لە هەندێك حاڵەتیشدا کە سۆشیالیستەکان ناچار بوون کە دژ بە پڕوپاگەندە ناسیونالیستی یەکان دەبن، بۆ نموونە کاتێك کە بزووتنەوەی نەتەوەیی پۆڵەندا، لە هەل و مەرجی جەنگی جیهانی یەکەمدا، کـاتێك کـە ئیمپریـالیزمی ئـەڵمانی بـە شـێوەیەکی قـووڵ رووبـە رووی کێشمەکێشـێکی ئیمپریالیســـتی ببـۆوە لەگـەڵ بـەریتانیا و فەرەنســا و رووسیادا.

بورژوازی کە بە شێوەیەکی گشتی لە سەرەتای هەموو بزووتنەوەیـەکی نەتـەوەییدا رابـەری ئـەو بزووتنەوەیـە بـە موڵکـی خـۆی دەزانێـت، دەڵێـت کـە پارێزگـاری لـە تـەواوی ئـارەزووە نەتەوەییـەکان، پـەیوەندی بەبازنـەی کردارەوە هەیە(ئەم دەربڕینە لە دەقە ئینگلیسـی‌یەکەدا مانـای عەمـەلیش دەبەخشـێت-و٠ف) لـە کـاتێکدا سیاسـەتی پرۆلیتـێری لـە مەسـەلەی

نەتەوەییدا(وەك هەرمەسەلەیەكی‌تر) تەنها لە هەندێك بواری دیاری كراودا یارمەتی برژوازی دەدات،بەڵام هیچ كاتێك خۆی هاوشانی سیاسەتەكانی بورژوازی ناكاتەوە.......

داواكردنی وەڵامێك بە(بەڵێ)یان(نەخێر)سەبارەت بە مەسەلەی جیابوونەوەی هەر نەتەوەیەك لە رووی تیورییەوە مەسەلەیەكی(عەمەلی)یە. بەڵام لە دنیای واقعی دا ئەمە قسەیەكی پووچە...لە پراتیكدا (تیۆرانینێكی لەم جۆرە) دەبێتە هۆی كلكایەتی پرۆلیتاریا بۆ بورژوازی. پرۆلیتاریا هەر داخوازییەكی نەتەوەیی،هەر جیابوونەوەیەكی نەتەوەیی لە گۆشەنیگای خەباتی چینایەتی كرێكارانەوە هەڵدەسەنگێنێ(٦١). پێش بینی كردنی تەواوی پەیوەندی یە شیاوەكان لە نێوان بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی بورژوازی نەتەوەی ژێردەستە و بزووتنەوە پرۆلیتارییە ئازادیخوازەكانی نەتەوەی ستەمگەردا، نامومكینە(٦٢).

ئەم خاڵە ئێمە بەرەو لایەنێكی سەرەكی‌تری هەڵویستی لینین سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی رادەكێشێ-لایەنێك كە بە زۆری لەلایەن لایەنگرانی بزووتنەوە نەتەوەییەكانەوە كە بە درێژی ووتەزاكان(مقولات)ی لینین سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین دەهێننەوە، پشت گوێ خراوە. لینین ئوتۆیاور لەبەرتێزەكەی سەبارەت بە(ئۆتۆنۆمی رۆشنبیری نەتەوەیی)كە ئیمتیازاتێك بە ناسیونالیزمی بورژوازی دەدات- و هەروەها لوگزامبورگ تا ئەو ئاستەی كە هاورایی خۆی لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا دەردەبڕی، مەحكوم دەكات.

بۆ یەكەمین جار دایەلۆگ لە ناو بزووتنەوەی سۆشیالیستی رووسیادا لە ساڵی١٩٠٣دا لەچوار چێوەی كۆنگرەی دووەم(لەراستی‌دا كۆنگرەی دامەزراندن)ی حیزبی كرێكارانی سۆشیال دیمكراتی رووسیادا دەستی پێ كرد.. لەوكاتەوە تاكو ئێستاش بزووتنەوەی سۆشیالیسی لە نێوان چەندەها بەش لە كرێكارنی جوولەكەدا لە رۆژئاوای

ئیمپراتۆریەتی رووسیادا بە هێزتربوو لە بەشەکانی تری جەماوەری کرێکاراندا. بەشێکیان کە بەکاری رێکخستنی کرێکاری جوولەکەوە خەریك بوون،حیزبێکی سۆشیالیستی تایبەت بە جوولەکەنیان- بۆند- دروست کردبوو، کە دەیگوت دەبێت کرێکارانی جولەکە رێکخراوی جیای خۆیان هەبێت و پڕۆپاگەندەکانیان لە بازنەی هەبوونی قوتابخانە و رێکخراوە جیاوازەکانی جولەکەدا دەخولایەوە. نە تەنها مارکسیستە رووسەکانی وەك لینین و بلیخانۆف، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لەبەناوبانگ ترین مارکسیستە جولەکەکانی تروتسکی و مارتۆفیش ناکۆك بوون لە گەڵیدا. بۆ نموونە مارتۆف دەیگوت کە تەسلیم بوون بە داخوازییەکانی بۆند، بەمانای لاوازکردنی رێکخراوە سۆشیالیستیەکانە لە هەر شوێنێکی کار و لە هەموو کەرەکێکدا:-

ئێمە ناتوانین رێگە بدەین کە هەر بەشێك لە حیزب بتوانێت نوێنەرایەتی گرۆپێك، پیشەیەك یان بەرژەوندی یە نەتەوەییەکانی بەشێك لە پرۆلیتاریا لە ئەستۆ بگرێ، جیاوازییە نەتەوەییەکان لە پەیوەند بە بەرژەوەندییە چینایەتی هاوبەشەکاندا، رۆڵێکی لاوەکی هەیە. ئێمە خوازیاری جۆرە رێکخراوێکین،ئەگەر بۆ نموونە، کرێکارانی نەتەوە جیاوازەکان لە یەك شوێنی کاری دیاری کراودا باشترو باڵاتر لە هەر شتێکیتردا بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان نوێنەرایەتی بکەن(٦٣).

لینین ئەم بەڵگەیەی هێنایەوە، بۆ نیشاندانی جیاوازی ئاشکرا لە نێوان خەبات لە دژی هەڵاواردن، لە سەر بنەمای زمان یان رۆشنبیری، دژ بە هەر گرۆپێك و ستایش کردنی رۆشنبیری یە نەتەوەیی یە تایبەتەکان، بە مەبەستی خەبات لە دژی تەواوی دەزگای تێروانینی باوەردا بە گشتی کردەوە.

بنەرەتی ناتەبابوون لەگەڵ نەژادپەرستی و چەوسانەوە لە سەر ئەو گرۆپانەی کە فەرهەنگێکی نەتەوەیی جیاوازیان هەیە، سۆشیالیستەکان ناچار دەکات تا لە پێناوی پەروەردەکردنی منداڵانی ئەم گروپانەدا

به زمانی دایکی خۆیان، له پێناوی قسەکردن بەزمانی خۆیان له دادگاو ناوەندە دادگاییەکانیتردا، و له دژی بوونی بیرۆکەی گۆڕانی زمانی زاڵ به (زمانی رەسمی)کە هەموان دەبێت له بەرامبەری دا کڕنوش بەرن، خەبات بکەن)

هەرکەسێك کە یەکسانی نەتەوەکان و زمانەکان بە رەسمی نەناسێ، وەلە پێناویاندا خەبات نەکات، له دژی ستەم و نایەکسانی نەتەوەیی نەجەنگێت، ناتوانێت مارکسست بێت، کەسێکی ئاوەها تەنانەت ناتوانێت دیموکراتیش بێت(٦٤).

لەهەمان کاتدا سۆشیالیستەکان نابێت خۆیان لەگەڵ هیچ فەرهەنگێکی نەتەوەییەوە، تەنانەت فەرهەنگی نەتەوەیی چەوساوەکانیش، بە هاوشوناس دابنێن:

دوور خستنەوەو بێبایەخ کردنی نێڵەی فیئۆدالیزم، تەواوی ستەمە نەتەوەیی و ئیمتیازاتێك کە هەر نەتەوەیەك یان هەر زمانێکی تایبەتی لێیان بەهرەمەند بوون، ئەرکێکی لوژیکی و مێژووی پرۆلیتاریایە وەك هێزێکی دیموکرات، ئەمە بێ گومان خەباتی پرۆلیتاریا سەرەڕای ئەو بڵێ و نەڵێ دزێوانەی کە چوار دەوری مەسەلەی نەتەوەییان داوە، کۆمەك دەکات. بەڵام کۆمەك کردن بە ناسیونالیزمی برژوازیرواوەتر لەم چوار چێوەیە کە له رووی مێژووییەوە دیاریکراو و بە ووردیش سنووردارە، بەمانەی پشتکردنە پرۆلیتاریا و هاوڕێیەتی بورژوازیە. لێرەدا خەت و سنوورێك هەیە کە بە زۆری بۆندیستەکان و ناسیونالیستە- سۆشیالیستە ئۆکرانییەکان لێرە دا بە تەواوی بێ تواناکان له بینینی. له دژی تەواوی ستەمە نەتەوەییەکان بجەنگین؟ بەڵێ، هەڵبەتە ! لە پێناوی گەشەی رۆشنبیری، لە پێناوی(رۆشنبیری نەتەوەیی)بە شێوەیەکی گشتی خەبات بکەین؟ هەڵبەتە ئەمەیان نا!

تەکامولی نەتەوەیی بە شێوەیەکی گشتی پرەنسیپێکی بنەڕەتی ناسیونالیزمی بورژوازی یە، ئەمە بەمانای ناسیونالیزمی

بەرچاوتەنگی بورژوازیانەیە، بەمانای ووردە شەڕە نەتەوەییە بێ کۆتاییەکانە. پرۆلیتاریا لە پێکهێنانی تەکامولی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەکدا بەتەواوی هۆشیار بووە، بە پێچەوانەی خەڵکەوە لە بەرامبەر ڕەهەم و خەیاڵاتێکی لەو چەشنەدا هۆشیاریان دەکاتەوە و هەمەلایەترین گەشەی سەرمایەداری بەلاوە پەسەندە و بەهەر جۆرێك راکێشانی نەتەوەکان، جگە لەوانەی کە زۆر یان بە دانی ئیمتیاز پێیان پشت دەستوورن؛ دەڵێت بە خێر بێن(٦٦).

لەناو هەر نەتەوەیەکی مودێرندا دوو نەتەوە بوونی هەیە- ئێمە ئەمە بە تەواوی ناسیونال- سۆشیالیستەکان دەڵێن.لە هەر فەرهەنگێکی نەتەوەییدا دوو فەرهەنگی نەتەوەیی دروست دەبێت....

ئەگەر مارکسیستی ئۆکرانی ڕێگا بە خۆی دەدا تا ئەو ئاستە بکەوێتە ژێر کاریگەری نەفرەتی ڕەواو سروشتی خۆیەوە لە پەیوەند بە ستەمگەرانی ڕووسیای مەزندا کە هەتا تۆزقاڵێك لەم نەفرەتە.. بە فەرهەنگ و کاری پرۆلیتێری کرێکارانی ڕووسیای مەزن بگەیەنێت یان بگوێزێتەوە، ئەوا گرفتاری ناسیونالیزمی بورژوازییە.

کرێکارانی ڕووسیای مەزن و ئۆکرانیا دەبێت بە هاوڕێیەتی یەکتر ... لەپێناوی گەیشتن بەیەك فەرهەنگی هاوبەش یان نێو نەتەوەیی بزووتنەوەی کرێکاری هەڵبسوڕێن و سەبارەت بەو زمانەش کە بەناچاری لە بانگشەکەندا بەکاری دەهێنین، پێویستە حەوسەڵەیەکی ڕەها و بێ سنوور لە خۆیان نیشان بدەن....پشتیوانی لە جیابونەوەی کرێکارانی نەتەوەیەك لە کرێکارانی نەتەوەیەکیتر، کەمپەین- شەڵاو دژ بە(راکێشانی)مارکسیستی، و تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە پرۆلیتاریاوە هەیە، هەوڵدان بە ئاڕاستەی بەرەنگاری کردنەوەی فەرهەنگێکی نەتەوەیی لە تێکرای ئەواندا لەگەڵ فەرهەنگێکی نەتەوەیی تردا کە پروپاگەندەی تەکامولی فەرهەنگەکەی خۆی دەکات و..هتد، ناسیونالیزمی برژوازییەو زۆر پێویستە لە دژیان خەباتێکی بێبەزەییانە ببەینە پێشەوە(٦٧).

چەند تووخمێك لە فەرهەنگی دیموكراسی سۆشیالیزم، هەتا ئەگەر لە شێوەیەكی سەرەتایشیاندا بێت، لە هەر فەرهەنگێكی نەتەوەیی‌دا هەیە؛ بۆچی نا كە هەر نەتەوەیەك دیسان لە خەڵكانی زەحمەتكێش پێك دێت كە هەل و مەرجی ژیانیان، ڕێگاخۆش دەكات بۆ ئایدۆلۆژیای دیموكراسی‌و سۆشیالیزم. بەڵام هەر نەتەوەیەكیش خاوەنی فەرهەنگێكی بورژوازی‌یە، نەك لە شێوەی ((چەند تووخمێكدا)) بەڵكو لە شێوەی فەرهەنگی زاڵدا، دەردەكەوێت (وە زۆربەی نەتەوەكان خاوەنی فەرهەنگێكی كۆنەپەرستانەی پەیوەست بە ڕۆحانیەكانن).

ئێمە لەپێناوی بردنەپێشەوەی دروشمی ((فەرهەنگی نێونەتەوەیی دیموكراسی‌و بزووتنەوەی جیهانی چینی كرێكار))، لە هەر فەرهەنگێكی نەتەوەیی‌دا بە تەواوەتی تووخمە دیموكراتیك و سۆشیالیستی‌یەكانیان وەردەگرین، ئێمە ئەم تووخمانە بە تەواوەتی‌و بە ڕەهایی لە دژایەتیا: لەگەڵ فەرهەنگی بورژوازی‌و ناسیونالیزم، بورژوازی هەر نەتەوەیەكدا خاوەندارێتی لێ دەكەین(٦٩).

لینین دەست نیشانی كرد كە سۆشیالیستەكانی وڵاتێكی ستەمكەر دەبێت بەتەواوی ئاگاداری هەڵوێستیان سەبارەت بە مەسەلەی (ڕاكێشان - جذب)بن: دەبێت بگوترێت ئەگەر سۆشیال دیموكراتیك لە نەتەوەیەكی گەورەدا، ستەمكەرو لكێنەر (الحاق كەر)- لە چوارچێوەی ئەوەی كە دەبێت لە تواندنەوەی نەتەوەكان لەگەڵ یەكتریدا بەشێوەیەكی گشتی پشتیوانی بكات- تەنانەت هەتا بۆساتێكیش بووە نابێت ئەوە فەرامۆش بكات كە نیكۆڵای دووهەم ((یان))، و یلهلم((یان)) ژۆژ((یان))،... هتد دیسان لایەنگری تواندنەوە بوون لەڕێگای لكاندنەوە، دەبێتە تیوریسیەنی گاڵتەجاڕ لە ئاستی تیوری‌داو یارمەتیدەری ئیمپریالیزم لە بواری پراكتیكیدا. ئەمە ئەركی ئێمەیە كە كرێكاران فێربكەین كە سەبارەت بە جیاوازی نەتەوەیی بێ‌دەنگ بن یان بێ‌لایەن بن... بەڵام ئەم بێ‌لانی‌یە نابێت لەو جۆرەی بێ‌لایەنی لكێنەران بێت (٧٠).

لینین ڕێك بۆ ئەوەی ئەم خاڵە بسەلمێنێ، پشتیوانی لە مافی چارەی خۆنووسین و جیابوونەوە دووپات دەکردەوە. ئەگەرچی لە هەمان کاتیشدا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ((سۆشیال دیموکراتی نەتەوەی بچووك دەبێت لە پروپاگەندەی خۆیدا... پێ لەسەر ((یەکپارچەیی ئارەزوومەندانە)) دابگرێ. وەها سۆشیال دیموکراتیکێك لەوانەیە بەبێ ئەوەی لە ئەرکەکانی خۆیدا وەك ئەنتەرناسیونالیستێك کەمتەرخەمی بکات، لایەنگری سەربەخۆیی سیاسی نەتەوەیی بێت یان لە پەیوەست بوونی ئەوان بە دەوڵەتی دراوسێی ئەلف، ب یان ج پشتیوانی بکات. ئەو بە هەر حاڵ دەبێت بە هەر شێوەیەك لەدژی ((بەرچاوتەنگی)) تەنهایی و دەرگا لەسەرخۆ داخستنی نەتەوەی بچوك خەبات بکات...))(٧١).

ئەم تێبینییانە بوونە هۆی ئەوەی تا لینین بە توندی دژایەتی باسەکانی ((ئۆتۆنۆمی فەرهەنگی نەتەوەیی)) بکات. ئەو بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە کە سیستەمی خوێندنگەی جیاواز بۆگروپە نەتەوەییە جیاوازەکان، دەبێتە هۆی جیابوونەوەی کرێکاران لە یەکتری:
لە نێوان ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی کۆمپانیا هاوبەشەکاندا، سەرمایەدارانێك لە نەتەوە جیاوازەکان دەبینین کە لەگەڵ یەکتر لە هاوکارییەکی تەواودا بەسەر دەبەن. لە کارخانەکاندا کرێکارانی نەتەوە جیاوازەکان لەپاڵ یەکتردا کار دەکەن. لە هەر مەسەلەیەکی جدی و سیاسی گرنگدا هەڵوێستەکان لەسەر بنەمای چینەکان نەك نەتەوەکان وەردەگیرێ. هێنانە دەرەوەی پەروەردەی خوێندنگاکان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەت و سپاردنیان بە نەتەوەکان لەڕاستیدا هەوڵێکە لەپێناوی جیاکردنەوەی ئابوورییەکاندا، کە یەکخەری نەتەوەکانە، لە بالاترین شانەی ئایدۆلۆژی ژیانی کۆمەلایەتیدا، ئاوەندێك کە تێیدا فەرهەنگی نەتەوەیی ((تەواو)) یان تەرویجی ناسیونالیستانەی دەسەلاتی دەزگای ڕۆحانییەت و شۆڤینیزم بە ئازادانەترین شێوە ڕۆڵی خۆی دەبینێت(٧٢).

سەرچاوەو پەراوێزەکان:-

١- ئەریك هۆبسباوم، نەتەوەو ناسیونالیزم لە ١٨٧٠ بۆ ١٩٧٠ (کمبریج، ١٩٩٠).
٢- ب- ئاندریسن، کۆمەڵگا خەیاڵییەکان(لندن، ١٩٩١).
٣- ئای گلنر، نەتەوە و ناسیونالیزم(ئاکسفورد، ١٩٨٣).
٤- ئان هریس، رزگاری نەتەوەیی(لندن، ١٩٩٠).
٥- لەم بارەیەوە نموونەی دیاریکراو مێژووی ترانسیاوانی‌یە، نووسینی ئیس پاکۆ(نیویورك ١٩٩٠).
٦- ئای ئارگیلی،(گرنگی لەندەن ١٦٥٠-١٧٥٠) لە ئینگلستانی پێش شۆڕشی پیشەسازی‌دا، ئەدیت جی‌پتن.
٧- ئەم خاڵە گرامشی باسی دەکات، ر.ك. گرامشی،(رێنیسانس) هەڵبژاردە لە نووسینە کلتوری‌یەکان(لەندەن،١٩٨٥).
٨- لەم روەوە بوو کە گرامشی، ماکیاڤیللی، بەناساندنی بەوەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی بە شوێن شازادەیەکی فیئۆدالدا دەروات، وەك تیئوریسینی بورژوازی لە حاڵەتی لاداندا دەیبینێ.
٩- دەڵێن کە لەم بڕیارەدا رۆڵی سەرەکی و بتەرەتی ئالساندرۆ مازینی خستیە ئەستۆی خۆی کە رۆمانە گرنگەکەی خۆی، بەشێوە زمانی لومباردی نووسی و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ وەك سروود لە تۆسکان دەخوێندرا. بۆ نموونە ر.ك. دی ئیم. ئاسمیت، ئیتالیا: مێژووی هاوچەرخ (مێشیگان، ١٩٥٩).
١٠- ئای بناك، کێشەی نەتەوەیی لە یوگسلافیا: سەرچاوە، مێژوو سیاسەت(لەندەن، ١٩٨٥)، هەروەها ك.ر.ای. هۆبسباوم. سەرچاوەی پێشوو.
١١- جی بەرنان، گریّ کوێرەی ئیسپانی(لەندەن، ١٩٦٠)ل ٢٩.
١٢- ئەم زاراوەیە رەخنە گرێکی خاوەن نفوذ و کاریگەر بەکاریهێنا، کە

کەم و زۆر کورتەیەکی دروست بوو لە ناسیۆنالیزمی ئابووری ئەو، کە لەسەر بەرهەمەکانی فردریش لیستی ئەڵمانی نموونە بەرداری کراوە. ر.ك. ئان ڤانیسبرك، کێشەی ئیرلەندا(لەندەن، ۱۹٦٥)ل ۲۹ .

۱۳- ر.ك.ب ڤیتیچ و ئیم ئینهایمەر، گانا، کۆتایی وەهمێك ل ۳۳ و ل ۱۸۲ -۱۸۳ .

١٤- دژە شۆڕش لە بەرلین، نویەراینیشە زایتونگ، ۱۲ نۆڤمبەر ۱۸٤۸ ، دانراوەکانی مارکس و ئەنگلس، بەرگی ۸ (مۆسکۆ، ۱۹۷۷). ل۱۷ .

۱٥- ئا. باوور، کێشەی نەتەوەیی و سۆشیال دیموکراسی ل ۲۷۱، لە رووسۆلسکیەوە وەرگیراوە، ئەنگلس و خەڵکی(نامێژوویی) (۱۹۸۷) ل ۳٥ .

١٦- ب ئاندرسن، هەمان سەرچاوە ل ۸۷ .

۱۷- ك. مارکس و ف ئەنگلس، مانیفیستی پارتی کۆمۆنیست، مارکس، ئەنگلس و لینین، چەپی سەرەکی(لەندەن، ۱۹٦۰) ل ۳۳ .

۱۸- ئەم مەسەلەی هەڵوێستی مارکس و ئەنگلسە سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی هەندێك لە نووسەران بێئاگان لێی. لەم روەوەیە کە ئەفرایم نیمی، شیکردنەوەیەکی ئاڵۆزی ماتریالیستی دەخاتە ملی ئەوان، کە لەڕاستییەوە دوورە. ر.ك مارکسیسم و ناسیۆنالیزم(لەندەن، ۱۹۹۱).

۱۹- بزووتنەوەی چیکییەکان زیاتر لە بزووتنەوە نەتەوەییە هاوچەرخەکانەوە نزیکتربوو تا لە بزووتنەوەکانی رۆژئاوایەکان و ئیسلاوییەکانی باشوور. تەنانەت لە ساڵی ۱۸٤۸ دا بورژوازی و وردە بورژوازی تازە پەیدابووی چیك لە هەوڵی یەکخستنی جووتیارانی بووهەیمی و مورافیایی دا بوون لە ژێر ئاڵای بەرنامەی خۆیدا لە پێناوی گەشەپێدانی سەرمایەداری(نەتەوەیی) دا، مەسەلەیەك کە هەرگیز سەبارەت بە خەڵکی سەر زەوییە بەرزەکانی ئوسکتلەندا، و برتولەکان و کارلیستەکاندا راست نەبوو. رۆژنامەی (نوی راینیشە زایتونگ)ی مارکس، هاودەردی و پشتیوانی خۆی بۆ چیکەکان نیشان دا، تا ئەرکاتەی

کە ڕێبەرەکانیان پشتیوانییان لە شالاوەکانی پادشای نەمسا دژ بە بزووتنەوەی دیموکراتیک، نەکرد بوو.

٢٠- نامەی ٢ ی نۆڤەمبەر ١٨٦٧ ، دانراوەکانی مارکس و ئەنگلس(مۆسکۆ،١٩٨٧) ل ٤٦٠- ل ٤٦١ .

٢١- نامەی ٣ ی نۆڤەمبەر ١٨٦٧ ، دانراوەکانی مارکس و ئەنگلس، هەمان چاپ، بەرگی ٤٢، ل ٤٨٦-٤٨٧ .

٢٢- مارکس بۆ کۆگلمان، ٢٠ ی نۆڤەمبەری ١٨٦٧ ، هەمان سەرچاوە، بەرگی ٤٣، ل ٣٩٠-٣٩١ .

٢٣- ر.ك (دەربارەی لە نێو چوونی فیئۆدالیزم و دەرکەوتنی دەوڵەتە نەتەوەیی‌یەکان)، کە لە کۆتایی ساڵی ١٨٤٨ دا نووسراوەو ئێستا لە نێو دانراوەکانی مارکس و ئەنگلس دا هەیە، بەرگی ٢٦ (مۆسکۆ، ١٩٩٠) ل ٥٠٦-٥٥٦ . تەنها دوو ساڵ پێش ئەوە بوو کە ئەنگلس مێشتا لە(دەوڵەتی ئاڵمان) بەهەمان شێوە کە لەچەرخی ژولیس سزار دا هەیە، ئاماژەی پێدەکات. ر.ك دەست نووسەکەی ئەو لە بەشی(مێژووی ئەڵمانی‌یە یەکەمینەکان) لە دانراوەکاندا بەرگی ٢٦، ل ٣٠ .

٢٤- ئا. باوور (چەمکی نەتەوە)، لە کێشەی نەتەوەیی و سۆشیال دیموکراسی‌دا، کە وەرگێڕدراوی فەرەنسی‌یەکەی دەگ هاوپش، ئیم لوری، وسی ویك (ئەدیتۆر)، مارکسیزم و کێشەی نەتەوەیی(پاریس، ١٩٧٤)، ل ٢٣٥ هەیە.

٢٥- ئا. باوور هەمان سەرچاوە،ل ٢٣٨.

٢٦- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٩.

٢٧- هەمان سەرچاوە، ل ٢٤١-ل ٢٤٢ .

٢٨- هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٣ .

٢٩- هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٩ .

٣٠- هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٤ .

٣١- بەپێی بۆچوونەکانی ئای نیمنی، ئەو سەبارەت بەچەند لایەنێکی رەخنەی هەیە. مارکسیزم و ناسیۆنالیزم، هەمان سەرچاوە ل١٤٥ .

٣٢- بەرنامــە، پەســندكراوی كۆنگــرەی حــيزبی نەمســا لــە ١٨٨٩ دا لــە برنــۆ، ر.ك رۆزا لوكزامبــورگ، كێشــەی نەتــەوەیی(نیویــورك، ١٩٧٦) ل ١٠٤-ل ١٠٥ .

٣٣- گ. هاوپت(ماركسیزم لە هەڵوێستیدا سەبارەت بەكێشەی نەتەوەیی: مێژووی كێشەكە، ر.ك گ هاپت و هاوكارانی.

٣٤- هەمان سەرچاوە،ل ٤٩ .

٣٥- (نەتەوایــەتی و ئەنتەرناســیۆنالیزم)، نویــە زایــت، ژانویــە ١٩٠٨ ، وەرگێڕاسراوی فەرەنسی، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٩ .

٣٦- ك. كاوتسكی(نەتـەوەی مودێرن)، نویە زایت ١٨٨٧ ، وەرگێڕدراوی فەرەنسی، هەمان سەرچاوە، ل ١١٩ .

٣٧- هەمان سەرچاوە، ل ١١٤-ل ١٢٧ .

٣٨- هەمان سەرچاوە، ل ١١٤.

٣٩- هەمان سەرچاوە، ل ١١٦ .

٤٠- هەمان سەرچاوە، ل ٣٥ .

٤١- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٦ .

٤٢- ك كاوتسكی، (نەتەوایەتی و ئەنتەرناسیۆنالیزم)، نویە زایت، ١٩٠٨، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٦ .

٤٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٧-ل ١٣٨ .

٤٤- بـۆ نموونـەی نـاوبراو ر.ك نـای نێكـی، ماركسـیزم و ناسـیۆنالیزم، سەرچاوەی ناوبراو.

٤٥- ك كاوتســــــكی،(نەتەوایــــــــەتی و ئەنتەرناســــــــیۆنالیزم)، لــە ڕۆزا لوكزامبورگــەوە وەرگــیراوە، كێشــەی نەتــەوەیی، ســەرچاوەی ناوبراو، ل ١٢٦- ل ١٢٧ .

٤٦- هەمان سەرچاوە، ل ١٢٧ .

٤٧- ر.ك (كێشـەی نەتـەوەیی و ئۆتۆنۆمــی)، كـە لـە ساڵەكانی ١٩٠٨-١٩٠٩دا نووسراوە، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٩ .

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

کاولسکی تا ئەو ئاستە پێشڕەوی کرد کە پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ گەلێک فاکتەر بگێڕێتەوە. یەکەمین فاکتەر پێویستی بۆرژوازی بوو بەمەبەستی دابین کردنی بازاڕێک بۆ ساغ کردنەوەی شمەکەکانی خۆی، کە ئەکەوێتە نێو کەندو کۆسپەکانی دابەشبوونی قەڵەمڕەوی فیئۆدالی یان دەست تێوەردانەکانی پێکهاتە کۆنەکانی دەوڵەت. فاکتەری دووەم گرنگی بەردەوام ڕوو لە زیادی بەڕێوەبردن بوو لە کۆمەڵگای مۆدێرندا، کە گرنگی‌یەکی بێ‌ئەوونەی بە زمان دەدا: ((بیرۆکراتییەت پێکهاتنیەکە کاریگەری بەبێ بوونی زمانێکی یەکگرتوو بە کێشە دەزانێ)) فاکتەری سێهەم ڕێگایەک بوو کە بەبێ ئەو ((بازرگانی بوونەوەی کۆمەڵگا)) زەمینە بۆ یەکێتی زمانی بە زیاتر بوونی تێکەڵاوی و پەیوەندی نێوان خەڵک لە ناوچە جیاوازەکاندا، پێک دەهێنێ، و ئەم زمانە یەکگرتووەش شێوازێکی‌تر دێتە ئاراوە: ((هەمەگونی بە دەگمەن لە ڕووی پەروەردەکردنەوە بەدەست دێت، بەڵکو زیاتر بەرهەمی فراوان بوونی پەیوەندی بازرگانی‌یە لە ناوخۆی دەوڵەتدا)).

• • •

بەشی زۆری ئاسیا... یان کۆلۆنی (ژێردەستە) زلهێزەکانە یان لە دەوڵەتانێک کە تا دوائەندازە ژێردەستە بوون و ئەلەوە ژێردەستەکانن، پێکهاتووە. بەڵام ئایا ئەم پرسە، ڕاستی‌یەکی گومان هەڵنەگر کە هەر لە خودی ئاسیادا هەل و مەرج بۆ باشترین تەکامولی بەرهەم هێنانی کاڵایی و خێراترین گەشەی سەرمایەداری لە ژاپۆن – تاکە دەوڵەتێک کە لەسەر بنچینەی نەتەوەیی پێکهاتووە – ڕەخساوە، لەق دەکات؟... ڕاستی نکۆڵی لێنەکراو ئەوەیە کە سەرمایەداری بەدواخستنی ئاسیا، بزووتنەوە نەتەوەیی‌یەکانی لەم کێشوەرەدا جڵەو کردووە؛ ئەم بزوتنەوانە، مەیلی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییان هەیە؛ (ئەمەش بۆ خۆی ڕاستی‌یەکە) ئەم دەوڵەتانە باشترین هەل و مەرج لەپێناوی تەکامولی سەرمایەداریدا دەڕەخسێنن...

دەوڵەتی نەتەوەیی بنچینەو قانوونی سەرمایەدارییە... لە ڕوانگەی پەیوەندییە نەتەوەیی‌یەکانەوە، باشترین هەل و مەرج لەپێناوی تەکامولی سەرمایەداریدا دەوڵەتی نەتەوەیی دروستی دەکات. هەڵبەتە ئەمە ئەو مانایە نابەخشێ کە دەوڵەتی لەو چەشنە، کە بەپەیوەندییە بۆرژوازییەکان پشت ئەستوورە، دەتوانێ چەوساندنەوەو ستەمی نەتەوەیی لەناوبەرێت. ئەم پرسە تەنها بەو مانایەیە کە مارکسیستەکان ناتوانن ئەو فاکتەرە ئابوورییە بەهێزانەی کە مەیل و ئارەزووی دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەییان بەرهەم هێناوە، لەبەرچاو نەگرن.

لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست